# باشترینی هزره موسوڵمانەکانی سەدەی بیستەم

نوسینی : د. محەمەد المختار الشنقیطي
وەرگێڕانی : نزار لطیف احمد

# باشترینی هزره موسوڵمانەکانی سەدەی بیستەم

.......................................................................

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هزیی و ڕۆشنبیریی خاڵ (٨)

**نووسینی**: د. محمد المختار الشنقيطي
**وەرگێڕانی**: نزار لطيف احمد
**دیزاین**: ڕەوشت محەمەد
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
**چاپ**: چاپخانەی ڕێنوێ

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٣٦٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

# ناوەڕۆك


تێبینییەك لە نوسەرەوە ........................ ٥

**موحەممەد ئیقبال**: عەجەمییەکی، ئاواز حیجازیی .................... ٧

**موحەممەد عەبدوڵڵا دراز**: ئەویندارى قورئانى بەرز و بەپێز ......... ١٩

**مالیك بن نەبی**: فەیلەسوف ژیارى ئیسلامی ......................... ٢٩

**ئیسماعیل فاروقی**: هەڵگرى خەمی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا ............ ٣٩

**عەلی عیزەت بیگۆڤیچ**: ئیسلامی بە ئاسۆیەکی مرۆڤانە ............ ٤٩

**موحەممەد ئەسەد**: گەڕیدە بەشوێن ئاینی ئیبراهیم ................. ٦١

**موحەممەد حەمیدئەڵڵا**: زانایەکی خواپەرست، زۆر دەپاڕایەوە .... ٧٩

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### تێبینییەك لە نوسەرەوە:

ئەمە چەند بابەتێکی کەمە بۆ خوێندنەوە، چڕە لـە ناوەڕۆکـدا، و هەوڵمـداوە چـەند هزرێـك لـە باشـترین هزرەکـانی موسـوڵمانانی سەدەی بیستەم بناسـێنم و چـەند لایـەنێك لـە بەرهـەمی بیریـان و پێکهاتەی ژیانیان دەرخەم.

لەم چەند بابەتەدا پابەند نەبووم بە شێوازی نوسینی ئەکادیمی ساردوسڕ، وەك: پۆلێنە مەنهەجییەکان و ناوهێنانی سەرچاوەکان، بەڵکو بەشێوازێکی سادە دامڕشتوە، تا خوێندنەوەی ئاسان بێت، و پەنـد وەرگـرتن لـە ژیـانی ئـەم کەڵەزانایانـە ئاسـان بکـات کـە لێوانلێوە لە زانست و کردار.

سێ پێوەریش هۆکار بوون لەوەی ئەم حەوت کەسەم هەڵبـژارد لــەنێو زانایــان و بیرمەنــدانی موســوڵمانانی ســەدەی بیســتەم، ئــەوانیش: کۆکردنــەوەی ڕۆشــنبیری ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا،

کۆکردنـــەوەی تێگەیشـــتنی شـــەرعییانە لەگـــەڵ هەڵوێســـتی شەرعییانە، کۆکردنەوەی قوڵیی هزر و دەروشانەوەی ڕۆح.

ئەگەر چی نیازیش وایە لە چاپەکانی داهاتوودا فـراوان بکرێـت، کەسـانێکیتری بـۆ زیـاد بکرێـت کـە لـە ئێسـتادا کـات بـواری نـەدا لەبارەیانەوە بنوسم، یاخود سەرچـاوەی پێویسـت لەبـەر دەسـتدا نەبوو.

دەخوازم ئەم چەند بابەتە یارمەتیدەری گەنجی موسوڵمان–ی تێکۆشـــەر بـــۆ گێڕانـــەوەی ڕێـــرەوی ژیـــاری ئیســـلامی– بێـــت بـــۆ ئاگادارییەکی خێرا لە ژیانی ئەم کەڵەزانیانـە، پاشـان هەنـدێك لـەو بیرۆکانەی دایانڕشتوە، بەڵکو ببێتە هۆکاری هاندانیان بـۆ گـەڕانی زیاتر بەدوای ئەو بیرۆکە بەبەهایانەی لەناو نوسـینەکانیان جێیـان هێشتوە، بەدوای ئەو پەندانەی کە بزوێنەری ژیانیان بووە.

داواکارم لـە خـوای گـەورە کـە یارمەتیـداین بـە ناسـاندنی ئـەم کەڵەزانایانە لە ئـەهلی زانسـت و ئیمـان، کۆمـان بکاتـەوە، ئێمـە و خوێنەرانی بەڕێزیش، لـە بەهەشـتی نـەبڕاوەدا، لای دەسـەڵاتداری بەتوانا....کە بەخشندەی خاوەن بەخشـینی هـەموو چـاکەیەکە و هیچ هاوبەشێکی نیە.

# محەمەد ئیقبال

# عەجەمییەکی، ئاواز حیجازیی

فەیلەسوف ئیبن سینا دەیوت:"اللهم انی اسالك عمرا عریضا–واتە خودایە داوای تەمەنێکی پان و پۆڕت لێدەکەم–"...کە مەبەستی تەمەنێکی پڕ لە داهێنان بوو.

دەکرێت بڵێین ژیانی فەیلەسوفی شاعیر محەمەد ئیقباڵ ئەم داوایەی تێدا هاتۆتە دی. ئیقباڵ لە شاری "سیالکوت" لە ناوچەی بنجابی هندستان لەدایك بووە ساڵی ١٨٧٧، لە خێزانێکی ناودار کە لە سەردەمانێکی کۆتایی دا موسوڵمان بووبوون. باوکی سۆفییەکی زۆر دیندار بوو. ئیقباڵ لە خوێندنگەیەکی ئینگلیزی خوێندوویەتی و پاشان چووەتە کۆلێژێکی حکومی لە لاهوری پایتەختی بنجاب، و بەتوانا بوو لە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی،و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە فەلسەفەدا بەدەستهێنا، و بووە مامۆستای مێژوو و فەلسەفەی سیاسی لە کۆلێژی ڕۆژهەڵات لە لاهور، و سەرەتاکانی شیعری بڵاوکردەوە و ژیانی هزری و هونەری هەژاند، لە هند. ساڵی ١٩٠٥ چوو بۆ ئەوروپا، و ژیانە زانستییەکەی درێژە پێدا، لە زانکۆی کامبریجی بەریتانی و میونخی ئەڵمانی، و بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا لە فەلسەفە، و بڕوانامەی پارێزەریی–محاماة–ی بەدەستهێنا لە یاسا، لە ساڵی ١٩٠٨ گەڕایەوە بۆ هند، بە بەرهەمێکی زانستی زۆرەوە لە ماوەیەکی کەمدا.

دوای گەڕانەوەی بۆ هنـد، ئیقبـالٚ کـاری پـارێزەریی کـرد، بـەڵام گرنگیدانی بە فەلسـەفە و شـیعر و سیاسـەت، سـەرقاڵی کـرد لـەوە. بەشدار بوو لـە ژمارەیـەك دەسـتە و ڕێکخـراو کـە هـەوڵیان دەدا بـۆ پاراستنی بوونی ئیسـلامی لـە هنـد دوای دەرکـەوتنی، سـەرەتاکانی مافی چارەی خۆنوسینی هنـد و ڕۆیشـتنی داگیرکـەری بـەریتانی، لـە ئاسۆوە. ئیقبالٚ یەکەم کەس بوو پێشـنیازی دەوڵەتێکـی تایبـەت بـە موسوڵمانانی کرد لە کیشوەری هند، بوون و ناسنامەیان بپارێزێت، و کلتور و ژیاری ئیسلامییان بپارێزێـت لـە لەناوچـوون، هـەر ئـەو بـوو توانی قەناعەت بە محەمەد عەلی جەناح، کە سیاسییەکی دیار بـوو، بکات بەو بیرۆکەیە لەڕێی ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیان، و جنـاح کردیـە پرۆژەیـەکی کـرداری. لـەدوای تەمـەنێکی پـان-پـڕ لـە داهێنـان-ی زانسـتی و کـرداری، ئیقبـالٚ لـە بەرەبـەیانی ڕۆژی ٢١/نیسـان/١٩٣٨ کۆچی دوایی کرد. بیرۆکەکەی، دەربارەی دەوڵەتێکی موسوڵمان لـە کیشوەری هند، بەرجەستە بوو ڕۆژی لەدایك بـوونی پاکسـتان، واتـە دوای دەیەیەك لە وەفاتی.

## دەریایەك لە هزر و شیعر

ئیقبالٚ دەریایەکی لە هزر و ئەندێشەی جوانی بۆ جێهێشتین کە دیوانـە شـیعرییەکانی و کتێبـەکانی لـەخۆیان دەگـرن. نـۆ دیـوانی شیعری داناوە، دوازدە هەزار دێڕە شـیعر لـەخۆ دەگرێـت، حـەوت هەزاری بە فارسیی، و پێنج هەزاری بە زمانی ئـۆردو. دیوانـەکانی:

"باڵی جبریل" و "پەیامی ڕۆژهەڵات" و "لێدانی بریندار" و "دیاریی حیجاز" و "نهێنی و ڕەمزەکان". هەروەك چەند کتێبیکی نوسیوە کە نیشانەی بەتواناییەتی لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.گرنگترینی کتێبەکانی "بونیادنانەوەی هزری ئیسلامی" و "گەشەکردنی میتافیزیك لە وڵاتی فارس".ئەم دوو کتێبە و سەرجەم دیوانە شیعرییەکانی وەرگێڕاون بە عەرەبی.

## ناسنامەی هندیی، ئارەزووی حیجازیی

یەکێك لە نوسەرە هندۆسەکان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیی دەربارەی ئیقبالٚ نوسی: ئیقبالٚ"پیاوێکی تینووە لە کەناری ڕوباری (گانج)، بۆ ئاو دەگەڕێت لە بیابانی عەرەبیی دا". ئەم نوسەرە لەخۆباییە بیری چووە بیابانی عەرەب لای ئیقبالٚ ئەو سەرچاوەیەیە کە سەرجەم مرۆڤایەتیی لێیان هەڵێنجاوە، و تێراو بوون بە ئاوی سازگاری ئیسلام، هەروەك بیری چووە بیابان لای ئیقبالٚ سمبولی پیاوەتیی و ئازایەتیی و جوامێرییە، ئەمانەش ئەو چاکانەیە کە فەلسەفەی "جیگیر کردنی خود" لەخۆی دەگرێت و ئیقبالٚ بانگەوازی بۆ دەکات.

بڕوانە وتەی ئیقبالٚ لە هۆنراوەی "الشاهین"، کە شانازی دەکات بە بیابانەکەی، و دەنازێت بە لەخۆباییبونەکەیەوە:

**انا نجل الصحراء و الزهد ديني**

**و هما في سجيتي و دمائي**

**اجهل الزهر و النسيم و ما في**

**لوعة العندليب عند المساء**

**و جمال البستان يغري، و لكن**

**ليس يغري منشأ في العراء**

**اين مجدي إذا شقيتُ لجوع**

**و أذلت حمامة كبريائي؟**

ئیقبالٚ لە کەشی ڕۆشنبیری هندۆسی دا گەورە بوو، پاشان ڕۆشنبیری ڕۆژاوای نۆشکرد لە سەرچاوەکەیەوە، و فرچکیشی پێوەگرت، لە کاتێکدا بوونی موسوڵانی ئاگادار لە ڕۆشنبیری ڕۆژاوا ،بە قولۆی، زۆر کەم بوو...ئەمەش وای لێکرد زیاتر هۆگری جوانیی ئیسلام ببێت، و باوەڕی وابێت پەیامی ئیسلام هیچ پەیامێکیتری ناگاتیٚ، و ئاوازی ئیسلامی هیچ ئاوازێکیتری ناگاتیٚ. بۆ ئەمەش دەڵێت:

**ليس في ضوضاء هذي الامم، نغمة إلا اذان المسلم**

جا چ خوێندکار بووبێت لە بەریتانیا، یاخود کۆلەر بووبێت لە ئەڵمانیا، یاخود گەشتیار بووبێت لە ئیتالیا، ئەوا دڵی ئیقبالٚ

هەمیشه وابەستەی بیابان و شاخەکانی حیجاز بوو، لە ولاتانی ڕۆژهەلات و ڕۆژاوادا شتێکی نەدۆزییەوە کە هێندەی زەوی حیجاز دلی هۆگر بکات و مێشکی ببات بۆ خۆی. ئیقبال پیاوی خۆشەویستی بوو بەڕاستیی، ئیسلام و هەموو ئەوانەی پەیوەست بوون پێیەوە، خۆشی ویستن، و عەرەبیشی خۆشویست بەهۆی پەیوەندییان بە مێژوو و کلتووری ئیسلامەوە. بەلام خۆشەویستییەکەی زیاتر و قولتر دەردەکەوێت لە پەیوەستیی بە حیجازەوە، زەوی پێغەمبەر و دابەزینی سروش. بە ناسنامە هندی بوو و بە حەز و ئارەزووش حیجازیی، بۆ ئەمەش دەلێت:

**انا اعجمي الحب إلا انني**

**اطلقت في الحرم الشريف لساني**

**كم ثوب إحرام على متضرع**

**مزقته باللحن من ألحاني**

و دەلێت:

**صوت قيثارتي التي سمعوها**

**اعجمي لكن لحني حجازي**

ئاواتی ئیقبال لەم ژیانەدا ئەوە بوو کە لقێك بێت لە لقەکانی حەرەمی بەرز و بەڕێز. بۆ ئەمەش دەلێت:

**تمعن بقلبك و استفته**

**و لا تسال الشيخ عن شانه**

**خلا حرم الله من اهله**

**فكن انت جذوة اركانه**

كاتێك ئیقبالٚ ئەم ژیانەی جیهێشت بەرەو ژیانی هەتاهەتایی بەرواریی ٢١/نیسان/١٩٣٨، ئەو حەزە هەمیشەییەی بۆ حیجاز هەیبوو، بردی لەگەڵ خۆی، کۆتا شتێك لە شیعر دوو دێڕ بوو لەسەرە مەرگدا، کە دەڵێت:

**نغمات مضين لي هل تعود؟**

**أنسيم من الحجاز يعود؟**

**آذنت عيشتي بوشك رحيل**

**هل لعلم الاسرار قلب جديد؟**

## پتەوی بەندایەتیی بۆ خودا

دەکرێت فەلسەفەی ئیقبالٚ و تێڕوانینی بۆ ژیان، کورت بکەینەوە لە چوار وشەدا، ئەوانیش:"هێزی بەندایەتیی بۆ خودا". ئیقبالٚ هەندێك جار ئەم بیرۆکەیە دەردەبڕێت بە"بەکەمگرتنی پادشایانە" و "بەکەمگرتنێك سەرچاوەکەی توانینە". فەلسەفەی پتەوی بەندایەتیی لە دوو بەش پێك دێت: یەکێکیان: ئیقبالٚ پێی دەڵێت "خۆبەکەمزانین" و بە دووەمیان دەڵێت"خۆسەلماندن".

مەبەست لە خۆبەکەمزانین: ملکەچی و خۆنەویستیی ڕەهایە لە پەیوەندی لەگەڵ بەدیهێنەر، و خۆسەلماندنیش: پتەوی و متمانەبەخۆبوونە لە پەیوەندی لەگەڵ بەدیهێنراوان. پتەوی لای ئیقبال بیرۆکەیەکی گەمژانە نیە لە خۆبەگەورەزانین لەسەر ئەوانیتر، یاخود خۆ جیاکردنەوە، بەڵکو چەمکێکی پیکهاتەیە لە پەیوەندی بە بەدیهێنەر و بەدیهێنراوەوە. ئیقبال لە ژیانیدا وێنەی موسوڵمانی دامەزراوبوو لە شانازیی کردنی بە ئیسلامەوە، لە سەردەمێکدا لەم جۆرە لەناو موسوڵمانان زۆر کەم بوو. ئەوەیش بەهۆی ئەوەی ئیقبال، جگە لە بەندایەتیی بۆ خودای، بە سەرشۆڕی و سواڵکەریی و سوکیی دەزانی. بۆ ئەمەش دەڵێت:

| | |
|---|---|
| انت عبدولّاً فالزم | ليس للحر تحول |
| ما سوى عز | العبودية لله تسول |

## لەسەر ڕێی دڵ و خۆشەویستی

ئیقبال نمونەی زانای ڕۆچووی خاوەن بیرێکی گەورە بوو، حەوت زمان فێر بوو بوو، و چەند پسپۆڕییەکیشی هەبوو. بەڵام ڕۆحی ئیقبال و ئاوێنەی بیری پاکیی لە شیعرەکانیی دا دەردەکەوێت، زیاتر بەراورد بە نوسینەکانی، بەهۆی ئەوەی خۆی زمانی دڵی پێشخست بەسەر زمانی عەقڵی–سەرەڕای کارامە

بـوونی لـه هـەردووكیان– بۆیـه شـیعری كـرده ئـامرازی گەیانـدنی هزری، چونكه شیعر هەڵڕژانی ویژدانه و درەوشانەوەی كارامەییـه، دەچـێته دڵـەوه بـێ پـرس كـردن، لەكاتێكـدا هـزر دەچـێته نـاو عەقڵەوه بەساردی، و لەڕێی ڕێڕەوێكی خواری پێشەكیی لـۆژیكیی وشـكەوه. ئیقبـاڵ بـه دروسـتی وتـی:"وشـكیی لۆژیـك زاڵ نابێـت بەسەر تەڕیی شیعردا".

ئیقبال باوەڕی وابوو، بناغەی پابەنـدیی ئیسـلامیی بریتییـه لـه خۆشەویستیی دڵ، نەك زانینێكی هزری وشك. چوون خۆشەویستی شوێنەواری قوڵتره له زانست، دڵ دسەڵاتی زیاتره له هزر، ئەوەی موسوڵمان پێویستیەتی بۆ گەیشتنه پلەی "پتەویی بەندایەتیی بۆ خودا" زۆر زیـاتره لـه تـەنها زانینێكـی هـزری دەربـارەی ئیسـلام، یـــاخود شـــارەزاییەكی مێـــژوویی دەربـــارەی ڕۆژگـــاری موسـوڵمانان.پێویسـتی بـه وێنـاكردنی دروشمـەكانی ئیسـلامه لـه دڵیەوه، ڕاستییانێك له گۆشت و خوێن، نەك چەند چوارچێوەیەكی هزریی ڕووت. ئیقبال بێ لایەن نەبووه، ڕۆژێك له ڕۆژان لەنێوان دڵ و هـزری، بـەڵكو هەمیشـه لایـەنی دڵـی گرتـووه.لـەم بوارەشـدا دەربارەی ئەزمونه تایبەته كەسییەكەی خۆی دەڵێت:

مضى ئیقبالَ هونا في دروب الفكر واجتازا
فلما جاء درب الحب مال القلب وانحازا

له بەراوردێکی نایاب، لەنێوان دڵ بەو پێیەی شوێنی نهێنیی و ڕاستییەکانە، و هزر بەو پێیەی بەڵگەیە بۆ ڕووکەشی دەرەکیی، ئیقباڵ دەڵێت موسوڵمان تەنها پێویستی بە "دەرمانی بەرچاو ڕوونییە"، لەمڕۆدا کە ئازادی دەکات لە "دەردی بینین"، و دڵی باوەڕداری جۆشدراو بە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی، سەرچاوەی ڕێنمایی و چاوگی پێگەیشتنە:

**دواء البصيرة هذا الدواء**

**رجاؤك في كشف داء البصر**

**وما العقل إلا جدال العلوم**

**وحرب الظنون ورجم النظر**

**مصيرك اعظم من وقفة**

**واول معناه ذوق السفر**

**وسر الآلئ خلد البريق**

**وإلا فمعدنها من حجر**

**وما جدوى في العروق**

**إذا كان يطفئ نار الفكر**

لەگــەڵ ئەمەشــدا، زمــانی دڵ و خۆشەویســتی، لای ئیقبــاڵ، پەیوەنــدی نییــە بــە گوێڕایــەڵ بــوونی مــرۆڤ بــۆ ئــارەزووە زەمینییــەکانی. بــەڵکو خۆشەویســتی لای ئــەم هاوتــای ڕێــز و هاوواتــای پتەوییــە، ئــەو پتەوییــەی ئیــبراهیم (علیــه الســلام) بەرجەستەی کرد، کاتی شکاندنی بتەکان:

**و جائزة الحر غير المخمور**

**و غير الغواني و غير الخيام**

**على الطعم يسقط من لا يطير**

**و من لا يحلق فوق الغمام**

*       *       *

**هو الحب ينسيك وقع الجراح**

**وتفضح سرك و آثاره**

**وما الحب إن لم تمت عزة؟**

**وما العيش جلّله عاره؟**

میهـری خـودا لەســەر (محەمــەد ئیقبــاڵ)ی زانــا...شــاعیری عەجەمیی خاوەن ئاوازی حیجازی.

# موحەممەد عەبدوڵڵا دراز

# ئەویندارى قورئانى بەرز و بە پێز

زانای پایەبەرز محەمەد عەبدوڵڵا دراز، لە پارێزگای کفر الشیخ، لـە میسـر، سـاڵی ١٨٩٤ لـەدایك بـووە. لـەخێزانێکی زانسـتپەروەر و خواپەرست دا گەورە بووە. بـاوکی، شـیخ عەبـدوڵڵا دراز، لـە زانـا ناودارەکـانی ئەزهــەر بــووە، شــەرحی کتــێبی (الموافقــات) ی (الشاطبي) کردووە. هەر لە لاوێتیدا، دراز قورئـانی لەبـەر کـردووە بەتـەواوی، پـێش ئـەوەی دەیـەی یەکـەمی تەمـەنی تـەواو بکـات، ساڵی ١٩١٦ بڕوانامەی جیهانی بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٢٨ بـووە بــە مامۆســتا لــە ئەزهــەر، و ســاڵی ١٩٣٦ گەشــتی حــەجی بـەجێهێناوە. لـە هـەمان سـاڵدا، بەخششـێکی خوێنـدنی وەرگـرت (منحه دراسیه) لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسـی، بـەو هۆیـەوە ١٢ ساڵ لە فەرەنسا نیشتەجێ بوو و هەمووی بە هەوڵدان بەسەر بـرد بۆ تێگەیشتن لە کەلتوری ڕۆژاوا لە سەرچاوە ڕەسـەنەکانییەوە، و بیرکردنەوەیەکی بەراوردکارییانە بۆ ئەو بابەتەی کـە ئەنجامەکـەی زانستی ڕەوشت بوو لە قورئاندا.

دکتۆرای لە سۆربۆن بەدەستهێنا، و تێـزی دکتۆراکـەی بـەناوی "ڕەوشــتی قورئــان" جێــی سەرســامی گــەورە ڕۆژهەڵاتناســە فەرەنسییەکان بوو، لەوانەش لیو ماسینیون و لیفی برۆفینسال، و گفتوگۆی تێزەکەی بـەرواری ١٩٤٧/١٢/١٥ بـوو. هـەروەك وانەبێـژ

بووە لە چەند زانکۆیـەکی میسـر دەربـارەی مێـژووی ئایینـەکان و ڕاڤەی قورئان و فەلسەفەی ڕەوشت.

زانای گەورە دراز، ساڵی ١٩٥٨ لـە شـاری لاهـوری پاکسـتانی، کاتێك بەشدار بوو لە کۆنگرەی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی گەڕایەوە بـۆ لای پەروەردگار، لەوێ گەورە زاناکانی میسـر و جیهـانی ئیسـلامی نوێژیان لەسەر کرد.

## ڕەچەڵەکی مەغریبی

وادیـارە خانـەوادەی (دراز) ڕەچـەڵەك و نزیکییـەکی تایبـەتیان هەیـە لەگـەڵ مـەغریبی عـەرەبی، ڕەنگـە بـەهۆی ئـەوەوە بێـت، خانەوادەکەی لەسەر مەزهەبی پێشەوا مالیك بوون. شێخ عەبدوڵلا دراز–بـاوکی دکتـۆر محەمـەد عەبـدوڵلا دراز– شـەرحی کتـێبی (الموافقـات)ی فـەقیهی ئەندەلوسـی (ابـو الاسـحاق الشـاطـبي) کردووە، و (دراز)ی کوڕیی تەحقیقی هەمان کتێبی کردووە، پاشان کۆڵینەوەیـەکی نوسـیوە دەربـارەی کتـێبی (الاعتصـام)ی هـەمان نوسەر، هەوڵیداوە بیرۆکەکانی بهێنێتە کایەوە و نوێیـان بکاتـەوە لـە کتـێبی (الميـزان بـين السـنة و البدعـة) کـە پـێش تـەواو کردنـی گیانی سپارد، خودا لێی خۆش بێت.

کاتێك (دراز) خەریکی خوێندن بوو لـە فەرەنسـا، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم، پەیوەندییـەکی تونـدوتۆڵی دروسـت کـرد لەگـەڵ فەیلەسـوف جـەزائیری (مالـك بـن نـبی)، و لـەنێوان ئـەم دوانـەدا، لێکچوونێکی هزریی زۆر دەرکەوت، هـەروەها لـەو دەرئەنجامانەشـی پێی دەگەیشتن، بەتایبەتی لە بواری کۆڵینەوەی قورئانیی. دراز لەو پێشەکییەی بۆ کتێبی: (دیاردەی قورئانیی)ی مالك بن نبی نوسیوە، ئەمەی باس کردووە، کەسێکیش بەراوردی ئەو کتێبەی (بـن نـبی) و دوو کتێبی (النبأ العظیم) و (مدخل الی القرآن العظـیم)ی دراز بکـات، ئەوا بۆی دەردەکەوێت تا چەند نزیکیی هزریی هەیە لەنێوان ئەم دوو زانایایەی لە باشترینی هزرەکانی سەردەی بیسـتەمی موسـوڵمانانن. پەیوەندییەکەیان لـە پەیوەسـتیی هزریـی و نزیکـی بیریـی تێپـەڕیی بـەرەو هاریکـاریی برایـەتیی و تێکۆشـانی هاوبـەش، چـوون (دراز) ئازایانــە پشــتگیریی داخوازییکــارانی ســەربەخۆیی دەکــرد، لــە دەوڵەتانی ڕۆژاوای عەرەبی، لـە ژێـر چـنگی داگیرکـەری فەرەنسـی، ئەمەش لـە کاتێکدا بـوو ئـەم هەڵوێسـتەی مەترسـی هـەبوو لەسـەر خوێنـدن و مانەوەکـەی لـە فەرەنسـا. خوازیـارم ئـەم چـەند دێـڕە، دانەوەی بەشێکی ئەو چاکەیەی دراز بێت لەگـەڵ ڕۆژاوای عـەرەبی و ئومەتی ئیسلامی.

### دەرونێکی سەرکەش

(دران) دەرونێكی سەركەشی هەبوو، لەگەڵ چەند خەسڵەتێكی دەگمەن، كە (شێخ عەبدوڵلا الانصاری) كورتیدەكاتەوە لە :"بیرتیژی، زیرەكی، هێوری، لەسەر خۆیی، خۆبەكەمزانی، بەئەمەكی، بوێری، دەستپێشخەری، جوامێری، پتەوی لەسەر حەق، جوانی گوفتار، نەرمی، توندی لەسەر دووڕووان".

بەهای ئەو پەیامە قورئانییەی دەزانی، كە هەڵیگرتبوو، هەروەك خەمی ئوممەتی هەڵگرتبوو لە هەر شوێن و جێیەك بووایە، بە جۆرێك (یوسف القرضاوي) كە یەكێكە لە خوێندكارەكانی، دەربارەی دەڵێت:"هەر كات دانیشتبین یاخود قسەمان كردبێت ئەو سەرقاڵ بوو بە كاری ئیسلامیی و خەمی موسوڵمانانەوە". یەكێك لە دیاردەكانی نەفس بەرزی، پشتگیریی كردنی ئاشكرای-كە لە فەرەنسا نیشتەجێ بوو- بزوتنەوە ئازادیخوازەكانی ڕۆژاوای عەرەبی بوو، كە ئەوكات لەلایەن فەرەنساوە داگیركرا بوو. كاتێك پیاوانی شۆڕشی میسری پێشنیازیان خستە بەردەستی بۆ ئەوەی ببێتە شێخی ئەزهەر، ئەم مەرجی ئەوە بوو كە ئەزهەر دەبێت سەربەخۆیی ئەكادیمی تەواوی هەبێت لە دەسەڵات. كاتێك ئەو داوایەیان ڕەد كردەوە، (دراز) داوای لێبوردنی كرد لە وەرگرتنی ئەو پۆستە، و سور بوو لەسەر وەرنەگرتنی، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی لەگەڵیان دا.

## هزرێکی فرەڕەهەند

دراز "رۆڵەی ئەزهەر، و رۆڵەی سۆربۆن" وەك (شێخ یوسف القرضاوي) ناوینا. کۆڵینەوە قوڵەکانی لە ڕۆشنبیری ئیسلامی و ڕۆشنبیری ڕۆژاوا، لە سەرچاوە ڕەسەنەکانیانەوە، دیدێکی فرەڕەهەندی شیکاریی ناوازەی پێدا، دور لە ڕووکەشیی و سادەیی، دور لە "هەرسنەکردنی عەقلیی" کە زۆرێك دوچاری هاتن، لەوانەی لە سنوری میراتی ڕۆشنبیری وەستاودا ڕاوەستان یاخود لە سنوری ڕۆشنبیری هاتووی ڕۆژاوا. ڕۆچوبوو لە ڕۆحانیاتی (الغزالی) و (الحکیم) و (الترمذي) و (ابي طالب المكي)، بەئاگا بوو لە فەلسەفەی "دیکارت و کانت و بێرگسون". بەهۆی ئەم هزرە فرەڕەهەندەوە، ئاسۆی فراوانبوو، و شیکاریی قوڵ بوو، بەڵگەهێنانەوەی ورد و بەجێ بوو، لەگەڵ بەڵگەی باوەڕپێکەر، و ڕەوانبێژییەکی ئەفسانەیی کە لە ڕەوانبێژیی قورئانەوە هەڵیهێنجابوو.

## ئەوینی قورئان

دیارترین خەسڵەتی (دراز)، کە سەرچاوەی هەموو بەرهەمە زانستیی و کردارییەکانی بوو، هۆگرییەکەی بوو بۆ قورئان. پیاوی

قورئان بـوو بەڕاسـتی، و خۆشەویسـتی قورئـان بـیر و هـۆش و دڵـی داگـیر کردبـوو، و هـەموو هۆشـی لای بـوو، بـەجۆرێك زۆر بـە کـەمی نەبێت، نەدەبینرا مەگەر خەریکی خوێندن و بـیر لێکردنـەوەی بـوو، یاخود لەنوێژدا بوو. گرنگیدانی ئەکادیمیی تایبەت بوو بە قورئان، و کارێکی زانستیی ئەو نابینرێت مەگەر قورئـان خولگـە و کرۆکیـەتی. (دراز) نەیدەتوانی ئەوین و پەیوەستیی دڵـی بـۆ کتـێبی خـودا کـەم بکاتەوە، و هاوشێوەی هۆگرێك شوێنی دەربڕینەکانی کەوتبوو، و بە ڕاستی وەسفی دەکات بە "دەنکی مرواری".

ڕۆژانە (دراز) شەش جوزئی قورئانی دەخوێند بێ ماندوو بـوون و بێزاریی. قورئانی زۆر بەگەورە دەگرت، و کاتی وانەکانی ڕاڤە کردنی قورئان، کڕنوشی دەبرد کە دەگەیشتە ئایـەتکانی کڕنوشـی قورئـان خوێندن (سـجده الـتلاوه)، و داوای لـە خوێنـدکارەکانی دەکـرد کـە دەستنوێژ هەڵبگرن وەك خۆئامادەکردن بۆ وانەکە. (شـێخ محەمـەد ئەبو زهره)، کە هاوەڵی بوو لە گەشـتەکەی کـۆنگرەی ئیسـلامی لـە لاهـور، دەربـارەی نوسـیویەتی:"پێشـنوێژی دەکـردین لـە نوێـژی خەوتنان، پاشان هەریەك لە ئێمە دەچووە ناوجێ بۆ خەوتن، و ئـەو دەچوو بۆ نوێژ کردن و قورئان خوێندن. نەتدەبینی مەگەر قورئـانی دەخوێند یاخود نوێژی دەکرد".

## بەرنامەیەکی نێوەندگیر ( منهج وسطي )

شێخ دراز، یەکێك بوو لە پێشەوایانی نێوەندگیریی ئیسلامیی. ئەم نێوەندگیرییەی دەردەکەوێت لەقسە کردن دەربارەی ئەو دوالیزمە گەورانەی هزری ئیسلامیی سەرقاڵ و شەکەت کردبوو. ئەوانیش: عەقل و دەق، سوننەت و داهێنراوەکان، (الجبر و الاختيار[١])، ئاشتی و جەنگ، زانست و ئاین، ڕەوشت و یاسا...هتد. بەدواداچوونێکم کردووە بۆ قسەکردنی (دراز) لەسەر ئەم دوالیزمە گەورانە بە دورودرێژیی، لە کۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە دراز، بەم زوانە دەردەچێت بە ویستی خودا لەلایەن (مركز القرضاوي للوسطية الاسلامية و التجديد) لە دەوحە. لێرەدا بواری درێژە پێدان نیە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵکو تەنها چەند ئاماژەیەکی کورتی دەخەینەڕوو سەبارەت بە بابەتی عەقڵ و دەق، چوون ئەو پێیوایە:"جیاکاریی نێوان چاکە و خراپە... هەستێکە لەناو دەروونی مرۆڤ سەنتەری گرتووە، پێش ئەوەی شەریعەتێکی ئاسمانیی بێت". ئەگەرچی شەرعی خودا"تەواوکاری شەرعی ڕەوشتیی سورشتییە"، ئەمیش تەواوکارییەکی پێویستە بۆ سروشتی مرۆڤ کە خڵتەی جۆراجۆر لێڵی دەکات دەربارەی ڕاستیی و چاکە، یاخود تاریکیی پێشڕەویی دەکات بەرەو گومان و پەشۆکان.

---

[١] ئەم دوانەم بە عەرەبی نوسی چوون وشەی کوردییم شك نەبرد، واتای پڕاوپڕیان بدات-وەرگێڕ-

بەبێ ڕووناکی سروش، مرۆڤ لە ململانێیەکی بەردەوام دەبن لەسەر پێناسی چاکە و خراپە"و هزر بە هزر ڕکابەری دەکرێت، هەروەك سۆزیش بە سۆز". مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەکیمان پێدەکات لە وێنەی ئەو جۆرە ئاڵۆسکاوییەی بێ سنورە، لە خۆگرتنەوەی (نەرفانا)ی بوزی، بۆ بەرەڵایی ڕواقییەکانی یۆنان. ئەوانە گەواهیدەرن کە ڕووناکی خودا و ڕووناکیی سروشتی مرۆڤ دەبێت ببنە جێی گرەو لەسەر کردن، هەروەك ویستی بەدیهێنەری، هەردوك سروشتی مرۆڤایەتی و شەریعەتی ئاسمانی، لەسەریەتی.

## پێشەنگی و نوێگەری

دەتوانین بڵێین، کارێك نیە لە کارەمانی (دراز)، خاڵی بێت لە نوێگەریی. بەڵام نوێگەرییەکەی، لە کۆڵینەوە قورئانییەکاندا، بەباشترین شێوە خۆی وێنادەکات. دەکرێ بڵێین (دراز) بناغەی دوو زانستی نوێی دانا، ئەوانیش: زانستی "ڕەوشتی قورئان" و زانستی "چاوگیی قورئان". دەربارەی یەکەم کتێبی (دستور الاخلاق فی القران) و دووەمیش، هەردوو کتێبی: (النبأ العظیم و مدخل الی دراسة القران الکریم)ی نوسین. دراز دەیزانی بەڕێیەکدا دەڕوات، یەکەمجارە مرۆڤی پێدا بڕوات و دەبێت کاری بناغەدانان بکات لەو دوو زانستەدا. لێرەوەیە گرنگیی و بەنرخیی کارەکانی، کە بەرهەمی هەوڵ و ماندوو بوونێکی هزریی قوڵە، تەنها ئەوانە بەهای دەزانن کە لەگەڵ نوسینەکانی ژیاون.

نوێگـەری (دراز) وێنـا دەبێـت لـە زانسـتی قورئـان بـەو ڕێبـازەی هەڵبژاردووە. زانایـانی ئیسـلام لـەڕێی دەروازەی ڕەوانبێـژیی زمانەوانییەوە، هەوڵیانداوە ڕەسەنایەتیی قورئـان بسـەلمێنن. بـەڵام (دراز) دەستپێکی لە کۆڵینەوەی شیکاریی پـەیامی قورئانـەوە بـوو لۆژیکییانـە و مێژووییانـە. ئەمـەش ڕێبـازێکی نوێگـەریی بـوو لـە چوارچـێوەی ڕۆشـنبیریی عەرەبیـدا، و خسـتنە نـاو چوارچـێوە جیهانییەکەی. میهری خـودا لەسـەر دکتـۆر محەمـەد عەبـدوڵڵا دراز، ئەویینداری قورئانی بەرز و بەپێز

# مالك بن نەبی
# فەیلەسوفی ژیاری ئیسلامی

بیرمەندی ئیسلامی، (مالك بن نبی) لە شاری قەسەنتینەی جەزائیر لـە سـاڵی ١٩٠٥ لـەدایك بـوو، لـەخێزانێکی کەمدەرامـەت. بـاوکی فەرمانبەرێکی سادەی حکومەت بوو لە بەڕێوەبەرایەتی تەبەسە، و دایکیشـی ژنـی ماڵـەوە بـوو و درومانیشـی دەکـرد. ئـەم خێزانـە ڕۆچـووبوون لــە دینــداریی، و زۆر نــەفس بــەرزیی. مالــك لــە یادەوەرییەکانیی (گەواهیی سەدە)دا باس دەکات، چۆن بـاپیرانی لە دایکییەوە، کۆچیان کردوە لە تونسەوە بۆ جەزائیر، سـەرەتای داگیرکـاریی فەرەنسـیی، لـە ترسـی دەسـتدرێژیی کردنـە سـەر ناموسیان لەلایەن سـەربازە زۆرداره فەرەنسییەکانەوە. وتـەکانی نەنکی، بۆ مالـك بوونـە دەروازەی تێگەیشـتن لـە تاوانکارییـەکانی داگیرکـەریی فەرەنسـی، و گرنگـی شـانازی کـردن بـەبیروباوەڕی ئیسلامیی و زمانەکەیەوە، پاشان ئەمەش بـووە هـۆی پـەیوەنـدیی خێزانیــی بــە بزوتنــەوە چاکســازییخوازەکانەوە و ڕێبازەکــانی تەسەوفەوە، بەتایبەتی (گۆشـەی عیسـەویی)، و بـووە پاڵنـەر بـۆ گرنگیـدانی بـە بابەتـەکانی چاکسـازی و هەسـتانەوە و نوێگـەریی. پاشــان دایکــی جــەختی کــردەوە لەســەر فێرکردنــی قورئــان- بەجۆرێك، جارێـك جێگـەکانی خسـتە بارمتـەوە بـۆ ئـەوەی کرێـی مامۆســتاکەی بــدات- ئەمــەش بــووە هۆیــەکیتر بــۆ قــوڵتر خۆشەویستیی قورئان و هەڵگرتنی بەیداخی بەرگری کردن لێی لـە

دژی ڕۆژهەڵاتناسان لـە کتێبـە بەبەهاکـەی (دیـاردەی قورئـانیی).
مالـك هــەردوو خوێنــدنی حــوجرە و قوتابخانــە فەرەنســییەکانی جەزائیری کۆکردبۆوە، پاشان لە پەیمانگای ئیسلامی لـە جـەزائیر دەرچـوو لـە (قوتابخانـەی سـەیدی جـەلیس)، و خوێنـدنی باڵـای درێــژە پێــدا لـــە فەرەنســا و بـــە ئەنــدازیاریی ســاڵی ١٩٣٥.
ڕاسـتییەکەی مالـك خـۆی مامۆسـتای خـۆی بـوو، بـەهۆی حـەزی زۆریی بۆ خوێندنەوە، و ماندوونەبوونی لـە خـۆفێرکردنی کەموێنـە بوو، ئەمەش گەورەترین سەرچاوەی زانستیی ئەو بوو.

## لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

دوای ئەوەی ٣٠ ساڵ لە فەرەنسا ژیا، (مالك) گەشتی کرد بـەرەو میسـر سـاڵی ١٩٥٦. لـە قـاهیرە، مالـك زانیارییـەکانی قـوڵکردەوە دەرەبارەی زمانی عەرەبی. چوون پێشتر زمـانی فەرەنسـی زاڵ بـوو بەسەر دواندنی و نوسینی، لەوێ (د.عبدالصبور شاهین) هەنـدێك لـە کتێبە گرنگەکانی وەرگێـڕا بـۆ عـەرەبی بەشـێوازێکی نـاوازە، و بـەو هۆیــەوە (مالــك) ناســرا لــە مســیر و شــام و زانــا گــەورەکان پێــی ئاشنابوون. مالك پەیوەندی لەگـەڵ (عبدالناصـر)ی سـەرۆکی میسـر دروست کرد، و سەرۆکایەتیی میسر موچەیەکی مانگانەی بۆ تایبەت کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە بـۆ نوسین و وانەوتنەوە لە ماوەی حەوت سـاڵی دواتـردا... لـە قۆنـاغی

گەشـــتەکەی قاهیرەیـدا، شۆڕشـــی جـــەزائیری هەڵگیرســـا، و مالــك نوسینەکانی بۆ تایبەت کرد، و زۆری بـۆ نوسـی. مالـك سـاڵی ١٩٦٣ گەڕایەوە بۆ جەزائیر و لـەوێ چـەند پۆسـتێکی ئـەکادیمی وەرگـرت، وەك پۆستی ڕاوێژکاری خوێندنی باڵـا، پاشـان بەڕێوەبـەری زانکـۆی جەزائیر، پاشان بەڕێوەبـەری خوێنـدنی باڵـا، بـەڵام دوایـی دەسـتی لەکار کێشایەوە و خۆی تەرخان کرد بۆ کاری هزریی تا ڕۆژی وەفات کردنـی لـە ٣١ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٧٣. مالـك سـامانێکی هزریـی نایـابی جێهێشـت کـە نزیکـەی ٣٠ کتێبـە، و تـا ئێسـتا نزیکـەی ٢٠ کتێبیـان بڵـاو کراونەتـەوە، و هەنـدێك لـە نوسـینەکانی هێشـتا هـەر دەستنوســـە و بڵـــاو نەکراوەتـــەوە. دەکرێـــت بڵـــێین گـــرنگترین نوسـینەکانی بـریتین لـە: (دیـاردی قورئـانیی) و (ڕوگـەی جیهـانی ئیسلامی) و (مەرجەکانی هەستانەوە) و (کێشەکانی هزر لە جیهـانی ئیسلامی).

## شۆڕشگێڕێکی دامەزراو

زانا و مێژوونوسی فاس (دکتۆر عبدالسلام الهراس)–یەکێکـە لـەو کەسانەی لەگەڵ مالك ژیاوە لە هەمان خـانوودا لـە میسـر– دەڵێـت: (مالك) زۆر خۆی بەکەمدەگرت و سادە بوو لـە ژیـانی و پەیوەندییـە کەسییەکانی زۆر بە سادەیی لەگـەڵمان دەژیـا، سـادەییەکی تـەواو، کاتێـك پـارەی وەردەگـرت بـەهۆی نوسـینەکانییەوە، بەشـە پـارەی

خۆی دەدا لە خانووەکەدا، ئێمەش لێپێچینەوەمان لەگەڵ دەکرد وەك یەکێك لە خۆمان، و ئەویش گوێڕایەڵی دەکردین و هیچ گرفتێکی نەدەبینی لەوەدا. دەیوەت: یارمەتیتان بدەم؟ دەمانوت: نەخێر، پاشان متمانەیەکی زۆریشی پێدەکردین...." مالك نەفسی بەرز بوو و دەیزانی بەهای ئەو هزر و زانستەی پێیەتی، چەندە. هەندێکجار توند بوو، هەڵدەچوو، بەجۆرێك وای لە هاوڕێکانی دەکرد خۆیانی لێ لابدەن تا هێور دەبێتەوە. بەڵام کاتێك توڕە نەبوایە ئەوا دامەزراو، و دڵ نەرم و زۆر بە ئەمەك بوو لەگەڵ هاوڕێکانی. (الهراس) دەڵێت:"ئەوەی جێی شانازی منە، ئەوەیە کە کاتێك خوێندنی بەکالۆریۆسەکەم تەواو کرد و ویستم بگەڕێمەوە بۆ مەغریب، (مالك) ئامادە نەبوو لەماڵەوە ماڵئاواییم لێبکات، بەڵکو هات بۆ بۆرسەعید و لە دەرگای کەشتییەکە ماڵئاوایی لێکردم".

## ڕووناککەرەوەی ڕێی هەستانەوە

دەکرێت هەوڵە نوێگەرییەکانی (مالك بن نبی) کورت بکەینەوە لە دوو بواردا: بواری کۆڵینەوە قورئانییەکان و بواری هزری هەستانەوە. لە کۆڵینەوە قورئانییەکان، مالك–هاوتا لەگەڵ دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا دراز، کە پێشەکی نوسی بۆ کتێبی دیاردەی قورئانیی– شێوازێکی نوێیان داهێنا بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتی پەیامی قورئانیی، پشتبەست بە شیکاریی لۆجیکی و مێژوویی،

جیاواز لـه شـیکاریی ڕەوانبێـژیی زمانـەوانی. وە مالـك زۆرینـەی نوسینەکانی لە بواری هەستانەوەدا نوسیوە، ئێمەش زیاتر جەخت لەسەر ئەم بوارە دەکەینەوە لێرەدا.

مالك بەشدارییەکی باشی کرد لە نوێکردنەوەی هزری ئیسـلامی هاوچـەرخ، و پاککردنـەوەی ئـەو سەرچـاوە هزرییـەی، بزاوتـی هەستانەوە لێی هەڵێنجا، لـە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەوە. هەنـدێك لەو دەستەواژانەی مالك دایتاشین کەوتە سـەر زۆرینـەی زارەکـان. کـێ نەیبیسـتوە دەربـارەی وتـەکانی لـەبارەی "داگیرکـاریی" و "ئامادەبوون بۆ داگیرکردن"؟ و پەیوەندی لەنێوان "هزری مـردو" و "هزری مرێنەر"؟ و قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیاری ئیسلامی لە "قۆنـاغی روح/هەڵکشـان" بـۆ "قۆنـاغی ئـاوەز/درێژبوونـەوە" بـۆ "قۆناغی ئارەزوو/داڕمان"؟

مالـك گەیشـتە ئـەوەی کـە قـەیرانی کۆمەڵگـەی موسـوڵمان، لـە بنەڕەتـدا بریتیـە لـە قـەیرانی بەرنامـەی کرداریـی، و ئاسـتەنگی سەرەکی کە ڕووبەڕوی موسوڵمانان دەبێتەوە، بریتیـە لـە ئاسـتەنگی هەسـتانەوە. بۆیـە تیۆرەکـەی سـەبارەت بـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی، لەسەر بناغەی کاریگەریی، داڕشت. مالك تێبینی هەبوو لەسەر زۆرێك لە بزوتنەوەکانی چاکسازی، کە لە جیهـانی ئیسـلامی دەرکـەوتن لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـت، بـەهۆی ڕۆچـوونیان لـە قسـە کـردن دەربارەی بیروباوەڕی ڕووت، بەشێوازی زانستی کـەلام لـە کۆنـدا، و

بەزایەدانی ئەوەی ناوی لێنابوو"هزری هونەریی کە جوڵەی مێژوو خێرا دەکات". بۆیە ئەم بزاوتانە پەیام و ڕۆڵی مێژووییان لەدەستدا، وەك مالك دەڵێت، چونکە"موسوڵمان هەرگیز دەستی هەڵنەگرتووە لەبیروباوەڕەکەی، و هەمیشە بە باوەڕداری ماوەتەوە...بەڵام ئەم بیروباوەڕە بێ کاریگەریی ماوەتەوە، چونکە تیشکدانەوە کۆمەڵایەتییەکەی لەدەستداوە... بەو پێیە کێشەی ئەوە نیە موسوڵمان فێری بیروباوەڕێك بکەین کە خۆی هەیەتی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەو بیروباوەڕە والێ بکەین کاریگەر بێت، و هێزی ئەرێنی، و کاریگەریی کۆمەڵایەتی، بۆ بگێڕینەوە. بە یەك ڕستە: کێشەمان ئەوە نیە کە بۆ موسوڵمانی بسەلمێنین خودا هەیە، هێندەی ئەوەی وای لێبکەین هەست بە بوونی ئەو خودایە بکات".

## گۆڕینی ناخی مرۆڤ

کاتێك (مالك بن نبی)، بەراوردی کرد لەنێوان بەرنامەی محەمەد عەبدە و بەرنامەی محەمەد ئیقبال، جیاوازی نێوان ئەو دوو قوتابخانەیەی بۆ دەرکەوت: قوتابخانەیەکی هزریی ڕووت کە مامەڵە لەگەڵ کێشە ئیسلامییەکاندا دەکات تەنها لە چوارچێوەیەکی هزرییدا، و قوتابخانەیەکی کرداریی، ئامانجی گۆڕینی ناوەڕۆکی مرۆڤ و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. مالك دەربارەی ئەمە دەڵێت:"قوتابخانەی چکاسازی (بە ڕابەریی شێخ محەمەد عبدە)

بەزمانی زانستی کـەلام دایڕشـتووە، لەکاتێکـدا ئیقبـاڵ لـە شـێوازی دەستەواژەی دیکەدا دایڕشتووە، "کاتێـك هۆشـداری دا کـە ئـەوەی داواکراوە، بریتی نیە لە باوەڕبوون بە خودا، بەڵکو—لە فـراوانترین و وردترین واتایدا—پەیوەندییە لەگەڵ خودا. ئەوەی داواکـراوە، بـریتی نیــە لــە چــەمکێکی کــەلامی، بــەڵکو خســتنەڕووی ڕاســتییەکی هەمیشەییە، و بە دەربڕینی ئەو بریتییە لـە: (دەرکـەوتنی ئـەو زاتـە بەرزەیە)"بۆیە جێی سەسوڕمان نیە کـە قوتابخانـەی چاکسـازی بـە ڕابەری محەمەد عەبدە"بەردەوام بەشێوەی ڕێنماییانێك مایـەوە کـە کەسانی پسپۆڕ و بەتوانا بەرهەم دێنێت لەبری ڕووکردنە پێکهێنان و دروست کردنی بانگخوازانێکی دڵسۆز" بـەپێی دەربـڕینی ئـەو. ئـەو پسـپۆڕە لێهـاتووەی خــەم و پــەیامی هەڵنــەگرتووە تــەنها دەبێتــە سوتەمەنی گفتوگۆ لەسەر حسابی کارکردن.

(مالـك بـن نـبی) پێـی وایـە، قوتابخانـەی چاکسـازی دەیتـوانی کاریگەریی زیاتر بێت لەسەر ڕێڕەوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان "ئەگەر بیتوانیایـە هزرەکـانی پێکبهێنایـە، و بنـەماکانی کۆبکردایـەوە، بـۆ یەکخستنی ئەو هـزر و بنەڕەتانـەی شـێخ محەمـەد عەبـدە هـەیبوو، لەگــەڵ بۆچــوونە سیاســیی و کۆمەڵایەتییــەکانی جەمالــە دیــن، و ئەمــەش بەدڵنیایییــەوە دەبــووە ڕێبــازێکی باشــتر لــەوەی تــەنها چاکسازی بنەماکانی بیروباوەڕ بێت".

ئیقبالٚ پێش (مالك) پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی ئەگەر نەفسی باوەڕدار، بیرکردنەوە و هەڵێنجانی بەرنامەیەکی کرداریی لە قورئان بەس نەبوو بۆی، ئەوا نە چێژی سۆفیگەریی (الکشف) سودی پێدەگەیەنێت، و نە گفتوگۆی کەلامی (الکشاف). ئیقبالٚ لە دیوانی جناح جبریل دەڵێت:

**نفس اذا القرآن ما انتفعت به**

**لا الكشف ينفعها و لا الكشاف**

نهێنی ئەمەش کە (ئیقبالٚ و مالك) و جگە لەمانیش لە باشترینی هزرەکانی موسوڵمانان لەسەری کۆکن بریتییە لەوەی زانستی کەلام-کە ئیقبالٚ ئاماژەی بۆ دەکات بە (الکشاف) ی زەمەخشەری- خەڵەتاندنی کێشەی ئیسلامییە لە بنەڕەتەوە، وەك ئەوەی ئەزمونی مێژووی موسوڵمان بەڵگەیە لەسەری"چونکە گفتوگۆکاران بەدوای ڕاستییدا نەدەگەڕان بەڵکو بەدوای بەڵگەوە بوون" وەك مالك دەڵێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی"زانستی کەلام ڕوبەڕوی کێشەی لایەنی کۆمەڵایەتی ئاین نابێتەوە"، کە ئەمەش کرۆکی قەیرانی کۆمەڵگەی موسوڵمانە لەمڕۆدا، بۆ گێڕانەوەی ئەمە بوو کە بزاوتە چاکسازییە هاوچەرخەکان دەرکەوتن، بەڵکو خەڵکی سەرقالٚ دەکات بە گفتوگۆ دەربارەی بابەتە نادیارەکان (امور غیبیە) کە بواری یەکلایی کردنەوەیان نیە لە ڕووی زانستییەوە، و بەرهەمێکی کرداریشی نابێت.

# ئیسماعیل فاروقی
# هەڵگری خەمی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا

دکتۆر ئیسماعیل راجی ئـەلفاروقی سـاڵی ١٩٢١، لـە شـاری یافـای فەسـەلتین، لـەدایك بـووە.خوێنـدنی ئیسـلامیی لـە مزگـەوت و لای باوکی-کە قازیی شەرعیی بوو- دەست پێکرد، پاشـان خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە قوتابخانــەی دۆمینیکـانی فەرەنسـی خوێند، و دواتر بەکالۆریۆسی لە فەلسەفە، لە زانکۆی ئەمـەریکی، لـە بـەیروت، بەدەسـتهێنا سـاڵی ١٩٤١. لـە سـەردەمی ئینتیـدابی بەریتانی، بووە پارێزگاری ناوچەی (الجلیل) تا کاتی لەدایك بوونی دەوڵەتی زایۆنی، جا ڕەگەڵ بەرهەڵسـتکاران کـەوت بـۆ ماوەیـەك، پاشان چوو بۆ ئەمەریکا، و لەوێ ماستەر و دکتۆرای بەدەستهێنا، لـە فەلسـەفەی ئـاین: یەکـەمیان لـە زانکـۆی ئینـدیانا ١٩٤٩، و دووەمیان لە زانکۆی هارڤارد سـاڵی ١٩٥١. سـاڵی ١٩٥٢ دکتـۆرای بەدەستهێنا لە زانکۆی ئینـدیانا، و ناونیشـانی تێزەکـەی:"تیـۆری چاکە: لایەنە میتافیزیکی و ئەبستمۆلۆجییەکانی بەها" بوو.

دوای ئاگـــادار بـــوونی لـــە فەلســـەفەی ڕۆژاوا و مێـــژوو و ڕێنماییـــەکانی هـــەردوو دیانـــەتی یـــەهودی و مەسـیحی، بـەهۆی خوێنـدنی لـە ئـەمریکا، فـاروقی هەسـتی کـرد پێویسـتی بـە قـوڵ بوونەوەیە لە ناسینی ئاینی ئیسلام، بۆیە گەشتی کرد بۆ میسر، و چـوار سـاڵ لـە ئەزهــەر خوێنــدی (١٩٥٤-١٩٥٨) و تیایـدا ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامیی پتەوی بونیاد نـا، و دواتـر گەڕایـەوە بـۆ

ڕۆژاوا و دەستی کرد بە وانەوتنەوە لە زانکۆی (ماکجیل)ی کەنەدی، و بووە لێکۆڵەری خوداناسیی لە هەمان زانکۆ. توێژینەوەکانی بووە دەرئەنجامی کتێبێکی بە بەها، بەناوی: ڕەوشتی مەسیحی: شیکارییەکی مێژوویی و مەنهەجیی بۆ هزرە زاڵەکان. فاروقی چوو بۆ پاکسان لە ساڵی ١٩٦١، بۆ بەشداریی کردن لە دامەزراندنی (پەیمانگای توێژینەوەی ئیسلامیی) لە کەراچی، پاشان گەڕایەوە بۆ ئەمریکا، و بووە مامۆستای زانکۆی شیکاگۆ (١٩٦٣–١٩٦٤) و زانکۆی سیراکیوز (١٩٦٤–١٩٦٨). پاشان سەقامگیر بوو لە زانکۆی تێمپڵ و بۆ ماوەی ١٨ ساڵ تیایدا مایەوە لە ١٩٦٨ تا شەهید بوونی لە ١٩٨٦.

## باڵیۆزە مافخوراوەکە

عادەتی پادشای کۆن وابوو، ئەو باڵیۆزانەی پەیامیان هێناوە، نەیاندەکوشتن، و ئەم عورفە سیاسییەیان بە ئاماژەی دلێریی و جوامێریی دادەنا.بەڵام فاروقی کە باڵیۆزی شەرقی ئیسلامیی بوو لای ڕۆژاوای مەسیحی، بە فێل و غەدر کوژرا. فاروقی، بە ستەملێکراوی، ڕۆژهەڵاتی جێهێشت بەرەو ڕۆژاوا، بەڵام لەوێش ستەم چاوەڕێی دەکرد، بەهۆی ئەوەی پەرستنی ئیسرائیل جێی دیانەتی مەسیحییەتی گرتۆتەوە. لە شەوی ١٨ ی ڕەمەزانی ١٤٠٦

ك، ٢٧ ی ئایاری ١٩٨٦، فاروقی بە چەقۆ کوژرا لەگەڵ دکتۆرە لەمیائی خێزانی-کە زانایەکی شارەزا بوو لە بواری هونەر و تەلارسازیی ئیسلامیی- بەهۆی هەڵویستە جێگیرەکانی دەربارەی کەیسەکەی خۆی و کەیسی گەلی فەلەستین، و داماڵینی ئایدۆلۆجیای زایۆنی و ڕەگە ڕەگەزپەرستانەکەی، و بەهۆی کاری بانگخوازیی بەردەوامی بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و ڕۆشنبیرییەکەی لە کۆمەڵگەی ئەمریکییدا. بەڵام هزری فاروقی نەمرد، بگرە بووە توێشوویەك بۆ ئەو ڕێگە ئاڵۆزەی ڕچەی شکاند، ڕێگەی وتنی وتەی ڕاست لەبەرامبەر زۆردارییدا.

## زانایەکی فرەڕەهەند

فاروقی وێنەیەك بوو بۆ زانای موسوڵمانی فرەڕەهەند، چوون بەتوانا بوو لە فەلسەفە، و ئاین، و مێژوو، و زانستە مرۆییە جۆراوجۆرەکان، زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی بەباشی دەزانی و پێیانی دەنوسی وەك ئەوەی هەرکامیان زمانی بنەڕەتی خۆی بێت. دکتۆر جمال بەرزنجی دەڵێت جارێك فاروقی دەعوەت کرد بۆ نانی ئێوارە بۆ ماڵی خۆی لە ١٩٧٢، و میوانەکەش لەنێو کۆمەڵێك لە شوێنکەوتوانی ئاینە جیاوازەکان قسەی کرد بۆ ماوەی کاتژمێرێکی تەواو. لە کۆتایی قسەکانیدا، قەشەیەك دەستی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی قسە بکات، و وتی: "ئەوەی ئەمشەو

دەربارەی مەسیحییەت فێر بووم، زیاتر بوو لەوەی ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوی دیراسەم فێری بووم". فـاروقی سـامانێکی هزریـی نـاوازەی بەجێهێشت، لەوانەش ٢٥ کتێب، و زیاتر لە ١٠٠ توێژینەوە و بابـەتی ئـەکادیمی. تـا ئێسـتا، زۆرینــەی کتێبــەکانی بــە زمـانی ئینگلیـزی ماونەتەوە، و بەڕاستی بەشدارییەکی بەبایەخە بۆ ئازادکردنی هـزری موســولْمان و نوێکردنــەوەی هــزری ئیســلامی. چــەند کتێبێکــی وەرگێـڕدراوە بـۆ عـەرەبی، لەوانـەش: ئەتڵەسـی ژیـاری ئیسـلامی. هـەروەك ژمارەیـەکی بـاش لـە زانـای پسـپۆڕ لـە ئاییـنـەکان لەسـەر دەستی دەرچوون. دەکرێت بەشدارییە نوێگەرییەکەی فاروقی کورت بکەینەوە لـە چـوار بـواردا: ژیـاری ئیسـلامی، بـەراوردی ئاییـنـەکان، بەئیسلامیی کردنی زانست، دیاردەی زایۆنیزم.

## ژیاری ئیسلامی

لـە بـواری ژیـاری ئیسـلامی، فـاروقی خـۆی و خێزانـی کتێبێکـی گـەورە و بـەنرخیان نوسـی، کـە ئەتلەسـی ژیـاری ئیسـلامییە، ئـەو کتێبـەی بـە هـەتیوی لـەدایك بـوو، وەك (دکتـۆر هشـام طالـب) لـە پێشەکییەکەید بۆی نووسی، چونکە کاتێك فاروقی و خێزانی شەهید بوون، کتێبەکە هێشتا لە چاپخانە بوو. بۆیە کتێبەکـە بـووە شـاهید بۆیان، و پارێزەری هەوڵ و تێکۆشـانیان بـوو. گوشـراوی هزریشـیان بوو لە قۆناغی پێگەیین و دامەزران. پێدەچێت مانـەوەی کتێبەکـەی

بەڵگە بێت لەسەر ئـەو لاواندنەوەیـەی پـەروێز مەنسـور بـۆی نوسـی کاتێك وتی:"مرەکەبی زانا بەهێزترە لە چەقۆی غەدر". ئەو کتێبـە، بـە فراوانـی تێـڕوانین و درێژبوونـەوەی لـەڕووی کـات و شـوێنەوە، دەناسرێتەوە، چونکە ئەو زانیارییە فراوانەی فـاروقی بونیـادی نـاوە دەربارەی مێـژووی ئاینـەکان، و بەتایبـەتی جولەکـە و مەسـیحی، و شــارەزاییە قوڵەکــەی (لــەمیائی) خێزانــی دەربــارەی هونــەر و تەلارســازیی ئیســلامیی، وای کــرد ژیــاری ئیســلامی بخەنــە چوارچێوەیەکی فراوانی بێ هاوتا، بەراورد بەو کتێبانەی لەو بوارەدا نوسراون. ئەم دوو نوسەرە بەرنامەیەکی داهێنەرانەیان بەکارهێنا، و ئەو بارودۆخەیان ڕوون کردۆتەوە کە ئەم ژیارەی تیا لـەدایك بـوو، و کرۆکی یەکخوداپەرستییەکەش کە بووەتە خولگەی، و ئەو شێوەیەی ژیارەکــە خــۆی پێــدەردەبڕێت، و ئــەو دەرهاویشــتانەی لێیــەوە دەرکەوتن (ئەمەش هەر چوار بابەتەکەی کتێبەکەیە)

## بەراوردی ئاین

لـە بـواری توێژینـەوەی ئاینـەکان، فـاروقی کتـێبی (ئەتلەسـی مێـژوویی ئاینـەکانی جیهـان)ی نوسـی، و بەشـەکەی تایبـەت بـە ئیسلامیشــی لــەو ئەتلەســەدا نوســیوە، هــەروەك دەروازەیــەکی ڕێخۆشکردنیشـی بـۆ نوسـیوە بـۆ دەرخسـتنی گـەورەیی پـەیامی ئیسـلامیی و سـەرکەوتنی بەسـەر هـەموو ئاینـەکان، لـەخۆگرتنی

سـەرجەم لایەنـە باشـەکانی پەیامـە ئاسمانییـەکانی پێشـوو، پشـت بەستنی بە ئاوەز و لۆجیـك. هـەروەها کتـێبی (ڕەوشـتی مەسـیحی) نوسی و بنەما تیـۆری و مێژووییـەکانی ئـەو ئاینـەی هەڵوەشـاندەوە لەڕێی بەکارهێنانی سەرچاوە یەکەمەکانی. هەندێك قەشەی زانکـۆی ماکجیـل کـە فـاروقی کتێبەکـەی لـەژێر سـایەیدا نوسـی، هەوڵیانـدا ڕێگریی بکەن لە چاپ کردنی و بڵاوبونـەوەی، بـەو بیـانوەی دەبێتـە هـۆی لەرزانـدن و لەقانـدنی بـاوەڕی مەسـیحی لـە دڵـی خوێنـەرانی کتێبەکەدا.فاروقی کتـێبی دیکـەی هـەن لـە بـواری ئـاین دا، لەوانـە: ئیسـلام و سـێ دیانەتەکـەی تـر، و سـیانەی گفتوگـۆی جـوو-مەسـیحیی-ئیسـلامیی، هـەروەك بەشـداریی کـرد لـە دانـانی کتـێبی (ئاینـە ئاسـیاییە گـەورەکان)، ئەمـە لـەپاڵ کتێبـە تایبەتـەکانی سەبارەت بە ئیسلام، وەك کتێبی (یەکخواپەرستی و داخوازییـەکانی لە هزر و ژیاندا).

## بەئیسلامیی کردنی زانست

لـە بـواری بەئیسـلامیی کردنـی زانسـت، فـاروقی بنـەما تیۆرییـەکانی داڕشـتنی زانسـتە مرۆڤایـەتی و کۆمەڵایەتییـە هاوچـەرخەکانی دانـا بـە داڕشـتنێکی ئیسـلامی، بـەجۆرێك ئـەم زانسـتانە ببنـە هـاوردەکردنێکی بـاش و ئـەرێنی بـۆ ڕۆشـنبیری موسوڵمانان، نەك ببێتە لافاوێك بـۆ لـەناوبردنی ناسـنامە و ئـاین و

متمانە بەخۆبوونیان. فاروقی بەو جۆرە نەخۆشی موسوڵمانانی هاوچەرخی دیاریی کرد،کە لە سیستمی هزریی و فێرکردنی باویان دایە، و نەبوونی پاڵنەرێکی بەهێز و هزرێکی بزوێنەر لە ڕۆشنبیرییان. نیگەرانی دەربڕی لە جیاکردنەوەی فێرکردن لەنێوان ئاینیی کلاسیکیی و شارستانیی هاوچەرخ، و وای کردووە تاکێکی لەرزۆکی دوولەت بەرهەم بهێنێت، جگە لە لاسایی کردنەوە نازانن: لاسایی کردنەوەی باپیرانێك کە وەفاتیان کردووە، یاخود ڕۆژاوایەکی جودا لە ئاین و ڕۆشنبیریی، لەکاتێکدا ئەوەی پێویستە تەنها یەك خوێندنە کە گیانی ئیسلامی تیا ڕابگیرێت لەڕێی وتنەوەی بابەتی ژیاری ئیسلامی لە سەرجەم زانکۆ و بەشەکان بەبێ گوێدانە پسپۆڕیی. هەرچی پسپۆڕانی بوای خوێندنی ئیسلامییشە ئەوا دەبێت شارەزا بن لە زانستە مرۆییە نوێکان بۆ خۆدەوڵمەندکردنیان و بیناکردنی توانای تیۆرییان تا لە ئاستی ڕۆشنبیریی هزریی هاوچەرخ دا بێت. فاروقی لەگەڵ (د.عبدالحمید ابو سلیمان)، پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامییان دامەزراند تا ببێتە سەنتەری تیۆریی و پلاندانانی ڕۆشنبیرییەکی هەمەچەشن، کە موسوڵمانانی ئەمڕۆ پێویستیانە.

## دیاردەی زایۆنیزم

له بواری ناساندنی دیاردەی زایۆنیزم، فاروقی ٣ کتێبی نوسی، ئەوانیش: ئیسلام و کێشەی ئیسرائیل، بنەماکانی زایۆنیزم لە ئاینی جوودا، ڕێبازە هاوچەرخەکانی ئاینی جوو. بیرۆکەکانی بەوە جیادەکرێنەوە قووڵ و فراوانن ئەگەرچی تۆنەکەی خاڵی نیە لە تاڵیی ستەملێکردنی. فاروقی شارەزا بوو لە مێژووی ئاینی جوو و پەسەرەندنی ژیاری ڕۆژاوا، و زایۆنیزمیشی خستۆتە ئەو چوارچێوە مێژووییەوە، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی: موسوڵمانان هەڵە تێگەیشتوون لە گەورەترین دوژمنی ئەمڕۆیان کە ئیسرائیلە، بەوەی وا دەزانن تەنها دیاردەیەکی داگیرکاریی ڕۆژاواییە یاخود دوبارە کردنەوەی جەنگی خاچدروشمەکانە، کە لەڕاستییدا ئەوانەیە و زۆر زیاتریش لەوانە. پاشان بیروباوەڕی لەدایك بوونی ئیسرائیلی خستۆتە چوارچێوەی سێ بیرۆکەی گرنگەوە: بیروباوەڕی "ڕاگوزەریی بوونیی تاوان" لای مەسیحییەت، و پاشەکشەی بەڵێنەکانی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپی لە بەدیهێنانی یەکسانیی بۆ جولەکە، پاشان سەنتەریی بوونی ڕەگەزیی لە ئاینی جوو. بەو جۆرە جوو ڕەگی خۆی هەڵکەند لە ئەوروپا، و لە فەلەستین چاندی، لەگەڵ ئەو هەموو قورساییە. بەڵام لە ڕاستییدا ئەوەیان زۆر درەنگ ئەنجامدا، ئەو کارەش چارەسەرێکی کاتیی و نائومێدانەیە و نابێتە چارەسەری کۆتایی

بۆ گرفتی جولەکە. ئەوە گرفتی مەسیحییەتێکی ڕۆژاواییە و ناکرێت لەسەر حسابی ئومەتێکی گەورە چارەسەر بکرێت کە خەریکە دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی ژیان.

میهری خودا لەسەر شەهید ئیسماعیل فاروقی... هەڵگری خەمی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژاوا



# عەلی عیزەت بیگۆڤیچ
# ئیسلامی بە ئاسۆیەکی مرۆڤانە

سیاسی و بیرمەندی ناودار عـەلی عیـزەت بیگـۆڤیچ سـاڵی ١٩٢٥ لەدایکبوو لە شارۆچکەی (بوسانا کروبا) لە باکوری ڕۆژاوای بۆسـنـە، لە خێزانێکی ناو مێژووی ئیسلامیی بـەلقان. دایکـی زۆر بـە تـەقوا و کەمویست بـوو، بۆیـە لـە تەمـەنی لاوێتیـدا خۆشەویسـتی ئیسـلامی خستە ناو دڵییەوە، و ئەویندارى قورئـان بـوو، بەتايبـەتی سـورەتی (الرحمن). پاشان لە ناوەندیدا، لەگەڵ هاوپۆلەکانی یانەی"گەنجانی موسوڵمان"یان دامەزراند کاتێك خوێندکار بوو، دواتر یانەکـە، بـووە دەسـتـەیەکی ڕۆشـنبیریی و خێرخـوازی، زۆرێـك لـە خوێنـدکارانی زانکۆی سەرایيڤۆی ڕاکێشا کە عەلی عیـزەت وانـەی تێدا دەوتـەوە، دەستەکەش خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی گەورەی ئەنجام دا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا. کاتێك نازییەکانی ئەڵمانیا، یوگوسلافیایان داگیرکـرد و کردیانـە کۆمـارێکی فاشیسـت، دەسـتەی گـەنجانی موسوڵمان دابڕان لـەو سیسـتمە فاشیسـتە، و سیسـتمەکەش کەوتـە ڕێگریـی کـردن لێیـان و بڕیاریـدا بـەوەی شـەرعییەتی یاسـایی لێبسەنێتەوە. عەلی عیزەت لە زانکۆ دەرچوو بە پارێزەریی، هەوڵیدا بۆ فێربوونی زمانـە بنەڕەتییـەکانی ئـەوروپا، و لەوانـەش ئـەڵمانی و فەرەنسـی و ئینگلیـزی، هـەروەك بـە هـەوڵی خـۆی ڕۆشـنبیرییەکی ڕەسـەنی بونیادنـا لـە زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان و هـزری ئیسـلامی و وێژە، هەروەك کتێبەکانی گەواهی بـۆ دەدەن، بەتايبـەتی "ئیسـلام لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا" و "ڕاکردنم بەرەو ئازادیی".

## ڕووبەڕوی هێرشی سوور

ناڕەحەتییەکانی موسوڵمانانی یوگوسلافیا قوڵتر بووەوە دوای جەنگی جیهانی دووەم، کاتێك حزبی شیوعی دەستی بەسەر حوکمدا گرت بە سەرۆکایەتی جۆزێف تیتۆ، و سیستمێکی داپڵۆسێنەری دژ بە ئیسلامی سەپاند، و ژمارەیەکی زۆر سەرکردەی موسوڵمانی دەستگیرکرد و هەندێکیانی لەسێدارە دا، هەرچی دەستەی گەنجانی موسوڵمانیشە، کە خاوەنی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕیی و زمانێکی سیاسی ڕاشکاو بوو، ئەوا قورساییەکە لەسەری زیاتر بوو، سیستمە شیوعییەکە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی لێگرتن و تیایاندا عەلی عیزەت، کە بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە زیندانی شیوعییەکان مایەوە (١٩٤٩–١٩٥٤). دوای هاتنە دەرەوەی لە زیندان، عەلی عیزەت دەستی کرد بە کاری پارێزەریی لە ساڵی ١٩٦٢، و بەردەوام بوو لە کاری هزری ئیسلامیی لەڕێی نوسینی بەردەوامی لە گۆڤاری "تاکفین" کە دەستەی زانایانی موسوڵمان، لە یوگوسلافیا دەریدەکرد. هەندێك لە بابەتەکانی لە کتێبێکدا کۆکرانەوە بە ناونیشانی "البیان الاسلامی" ساڵی ١٩٨١، و کتێبەکە دەسەڵاتی شیوعی وروژاند بەهۆی ئەوەی جۆرێك لە دژایەتیی کردنی شیوعیەتیان تێدا دەبینی، بەتایبەتی ئەو ناونیشانە سەرنجڕاکێشەی کە وەك دژی

"البيـان الشـيوعي"يەكـەی كـارل مـاركس و فريـدريك ئـەنگلس دەردەكـەوێت كـە لـە سـاڵی ١٨٤٨ چاپيان كـرد و بـووە كتـێبی پيرۆزی بزاوتی شيوعييەت. عـەلی عيـزەت دادگاييـەكی سـەرپێيی كرا و ساڵی ١٩٨٣ حوكم درا بە ١٤ ساڵ، و ماوەی ٥ ساڵی سەخت مايــەوە لــە زينــدانی شــيوعييەت بــۆ جــاری دووەم. لەگــەڵ هەرەسهێنانی شيوعييەت لە ساڵی ١٩٨٩، لە زيندان هاتە دەرەوە پاش دووبارە دادگايی كردنی و ئەستۆپاك بوونی، دەستی كرد بـە كاری سياسی لـە كەشـێكی نـوێی كـراوەدا. جـا پـارتێكی سياسـی دامەزرانــد، و هەڵبــژاردنی ســەرۆكايەتی بۆســنەی بــردەوە بــۆ ماوەيـەی دەيەيـەكی تـەواو (١٩٩٠-٢٠٠٠)، پاشـان ئـەم جيهانـەی جێهێشت ساڵی ٢٠٠٣ و يادەوەرييـەكی بۆنخـۆش و شـوێنەوارێكی جێهێشت كە لەناو ناچێت.

## زاڵ بەسەر بێرەحميی ژياردا

لە كۆتاييـدا، موسـوڵمانانی بۆسـنە دڵخـۆش بـوون بـە كـەوتنی شيوعييەت، و وايان زانی چونەتە ناو جيهـانێكی ئـازاد كـە دەمێـك بـوو چـاوەڕوانی هـەڵهاتنی خـۆری بـوون، لـە وڵاتەكـەيان. بـەڵام دوژمنێكی زۆر ناشيرينتر سـەری دەرهێنـا، و زۆر دڵـڕەقتر بـوو لـە شـيوعييەكان، ئـەويش سـربە فاشـييەكان بـوون، كـە هەوڵيانـدا

ئیسلام لە ڕەگەوە دەربهێنن لە یوگوسلافیا، و پاڵنەریشیان ئەو ڕقە شاراوەیە بوو کە دەگەڕایەوە بۆ میراتی سەردەمەکانی بێ ململانێی نێوان تورکە موسوڵمانەکان و سلافییە مەسیحییەکان لە بەلقان. ئەوروپاش بەشدار بوو لە گەمارۆدانی موسوڵمانان لەگەڵ سربەکان، و بێبەش کردنیان لە چەکێك بتوانن بەرگری پێبکەن لەخۆیان و وڵاتە دەستبەسەردا گیراوەکەیان. لەکاتێکدا موسوڵمانان لەناودەبران، هەندێك لە سەرکردە ئەوروپییەکان باسیان لە مەترسی دروست بوونی "دەوڵەتێکی ئیسلامی" دەکرد لە ئەوروپا!! بۆیە دەبوو عەلی عیزەت سەرکردایەتی گەلەکەی بکات لە شەڕی مان و نەمان، و کۆتاییەکەشی سەربەخۆیی بۆسنە بوو، بەڵام دوای قوربانییەکی زۆر، و لافاوی خوێن لە سریبرینیتسا و شوێنەکانیتر.

عەلی عیزەت سەربەرزێکی خۆبەکەمزان، و مەردێکی دانا بوو. خۆڕاگربوو لە زیندان، لەبەرامبەر خەڵەتاندن و هاندان، و ئارامگر بوو لە دەرەوەی زیندان، لە کاتی خۆشی و ناخۆشی. کۆکەرەوەی زانست و کردار، هزر و پابەندی بە مەسەلەی خۆیەوە بوو. زۆر زیرەك، و ئازا بوو، بەڵام ئازایەتیی لای وی لەپێشتر بوو لە زیرەکی، لە نوسینێکیدا دەڵێت: "گەل دەنگی بەرز نەکردەوە لەبەر خاتری زیرەکی، بەڵکو لەبەر خاتری ئازایەتی دەنگی

بەرزکردەوە... لەبەر ئەوەی دەگمەنە" لە قورسترین ناڕەحەتیی دا، عەلی عیزەت ئەو پیاوە دڵ گەورەیە بوو، کە ڕقی لە کەس هەڵنەدەگرت، تەنانەت لە سەرسەختترین دوژمنیشی. لە نوسینێکیدا دەربارەی خۆی دەڵێت:"ڕق لای من نیە، بەڵکو تاڵیی لای منە"،"بیرم نایەت ڕقم لە هیچ کەس بوو بێت". دادگەری بە هەقسەندنەوە نەدەبینی، بەڵکو بە گێڕانەوەی کاروبارەکان بۆ ڕێڕەوی خۆی، لەگەڵ لێخۆشبوون کاتێك ستەم لەسەر ستەملێکراوان هەڵگیرا. دەربارەی ئەمە دەڵێت:"تاکە ڕێ بۆ سەرکەوتن بەسەر ستەم دا بریتییە لە لێخۆشبوون...ئەرێ هەموو دادگەرییەك ستەمێکی نوێ نییە؟" بەم بیرە فراوانە و دڵە گەورەیەوە، عەلی عیزەت زاڵ بوو بەسەر بێڕەحمی ئەو ژیارەی ویستی گەلەکەی لە ڕەگەوە دەربهێنێت، بە بەرچاو و گوێی جیهانەوە.

## زیندانییەکی ئەویندای ئازادیی

عەلی عیزەت ئەویندای ئازادیی بوو، چوون بە کرۆکی مرۆڤ بوونی مرۆڤی، دەزانی، هەروەك دیکتاتۆریەتی بە سەرسەختترین دوژمنی مرۆڤ، دەزانی. توانای بیرکردنەوەی بە سەرچاوەی هێزی مرۆڤ، و چاوگی ئازادییەکەی دادەنا کە هیچ هێزێکی مادیی

ناتوانێت لێی زەوت بکات. بۆیە دەربارەی خۆی نوسیویەتی لە زیندانیی شیوعییەتدا:"نەمدەتوانی قسە بکەم، بەڵام توانیم بیربکەمەوە. بۆیە بڕیارمدا ئەو توانایەم بەکاربهێنم تا کۆتایی."

دەسەڵاتی شیوعیی هەوڵی زۆریدا، بۆ ئەوەی سازشی پێبکات، لەسەر بنەماکانی ئیسلام و ئازادیی، بەڵام ئەو جگە لە بەرپەرچدانەوە، هیچ وەڵامێکی دیکەی نەدانەوە.لەناو یادەوەرییە شاراوەکانی زیندانی، نوسیبوی:"ئەمڕۆ ٢٧ی شوباتی ١٩٨٧ز: ڕۆژێکی زۆر بزوێنەر نیە. بەیانییەکەی لە کارگێڕیی زیندانەوە بانگیان کردم، و پەشۆکام، چونکە کاتی سەردانیی نەبوو. لە ژووری چاوپێکەوتن، لەیلا و سابینا {دوو کچەکەی}ی لێبوون بە ڕوویەکی گەشاوەوە. بەخێرایی، بێ پێشەکی، ویستیان بڵێن هیچ شتێکی نەخوازراو ڕووی نەداوە. پاشان پێیان وتم کە چۆن (نیقۆلا ستۆیانۆڤیچ)ی سەرۆکی لیژنەی هاوسۆزی لە سەرۆکایەتی کۆماری بۆسنە، پێشنیازی داواکاریی هاوسۆزی کردووە و بەم زووانە ئازادم دەکەن. نێوەندگیرەکەش (زدرافکۆ جۆریچش)ی سکرتێری لیژنەکە بوو لەو کاتەدا، و هاوپۆلیشم لە خوێندن، و هەر ئەویش داواکارییەکەی نوسیبوو. دەقەکەم خوێندەوە، بەڵام واژۆم نەکرد، و زیندانیی بەردەوام بوو". داوایان لێکردبوو واژۆ بکات لەسەر داواکاریی هاوسۆزی ئەوانەی زیندانییان کردبوو، و پابەندیش بێت

بە دورکەوتنەوە لە سیاسەت و کاروباری گشتی، و بـە سـەربەرزی ڕەدی کردەوە، و دوو ساڵی دی لە زیندان مایەوە بەو هۆیەوە.

تاقی کردنەوەی زیندان زۆر شتی فێرکرد. هەندێك شت دەهـات بـە ئەندێشـەیدا و دەینوسـی کاتێـك زینـدانیی بـوو، و لـە چـاوی پاسـەوانەکانی زینـدانی دەشـاردەوە. ئـەو نوسـینانەی دواتـر وەك بەشێك لە کتێبی (ڕاکردنم بەرەو ئازادی) بڵاو کرایەوە، کە بەڵگەن لەسەر باوەڕێکی پتەو، و ئاوەزێکی تیژ، و تێگەیشتنێکی قـوڵ بـۆ ژیـــان و تـــاقی کردنـــەوەکانی. لـــە دووان لـــەو نوســـینانەدا دەڵێـت:"زینـدان زانسـتێك بـە مـرۆڤ دەبەخشـێت، دەکرێـت پێـی بوترێـت زۆر ئازاربەخشـە"،"مـرۆڤ لـە زینـدان دا گـرفتی کـەمیی شوێنی هەیە لەگەڵ زۆریی کات".

## هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانە

عـەلی عیـزەت بیگـۆڤیچ ئیسـلامیی بـوو لـە ناخـدا، بـەڵام بـە ئاســۆیەکی مرۆڤانـــەی فـــراوان. خوێنـــەری نوســـینەکانی، دۆش دادەمێنێت، بەرامبەر فراوانـی ڕۆشـنبیری ئـەو دەربـارەی کلتـوری مرۆڤایەتیی. ئەو بەتوانابوو لە فەلسەفە، ئاینەکان، یاسـا، مێـژوو، هونـــەر، وێنەکێشـــان. پـــەراوێزی کتێبـــەکانی و دەوڵەمەنـــدیی ئاماژەپێکردنـەکانی و تێبینییـەکانی، بەڵگـەن بـۆ فراوانـی و زۆر

ئاگاداربوونی لە بەرهەمەکانی هزری مرۆڤایەتیی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، هزرێکی مەنهەجیی ڕەخنەگر بۆ ئەو بابەتانەی دەیخوێنێتەوە، و لەخۆیدا وێنای دەکات. ئەو بڕوای وابوو، کەڵەکە بوونی زانیاری، بێ تێگەیشتن لێی، دەبێتە بارێکی قورس بۆ هەڵگرەکەی، هەر گونجاویش نیە پێی بوترێت زانست. دەربارەی ئەمە دەڵێت:"زانیاری زۆر، هەندێك جار بیرۆکەی داهێنان دەکوژێت...مرۆڤ دەتوانێت زانیاری لە زۆر بواردا هەبێت، بەڵام بێ ڕێکخستن و دیدگا...زۆرێك لە فێرخوازان، ژیان و مردیشن، بێ ئەوەی زانستێکی دروست بەدەست بهێنن...مەلۆیەك لە مادەی باش، بێ پلان، هەر بە مەلۆیی دەمێنێتەوە".

عەلی عیزەت بەشدارییەکی گەورەی کرد، لە هزری ئیسلامیی و مرۆیی، لەڕێی نوسینەکانیەوە. گرنگترینی ئەو نوسینانەی (ئیسلام لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، ڕاکردنم بەرەو ئازادیی، ڕاگەیاندنیی ئیسلامی). باوەڕێکی قوڵی هەبوو بە ئیسلام وەك پەیامێك،کە مرۆڤایەتیی لەمڕۆدا زۆر پێویستی بەو پەیامەیە. ئەو ئیسلامی پێشکەش کرد وەك نێوەندگیرێك لەنێوان ماددەگەراییەکی نابینا، کە ئاسۆی مرۆڤایەتیی دەپێچێتەوە و بینایی دادەخات، و ڕۆحانیەتێکی لاسەنگ، کە بە بنەمای شکستهێنان و گەڕانە دواوە دادەنێت، لە کێشمەکێشمی ژیاندا. ئیسلام "ڕێبازی سێیەم"ە

وەك عەلی عزەت ناوی دەنێت... ڕێبازێك، مرۆڤ لەت ناكات بۆ دووان، بەڵكو دارشتنێكی هاوسەنگی بۆ دەكات، بەجۆرێك بتوانێت هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان داكەوتی كۆتایی هاتوو (الواقع المتناهی) و ئاسۆی بێ كۆتایی (الافق اللامتناهی).

ڕۆحانیەتی واقیعیانە، یەكێكە لە گرنگترین خەسڵەتەكانی ئیسلام، مرۆڤ كامڵ نیە لە ئیسلام دا–وەك عەلی عیزەت دەیبینێت–قدیس نیە، بەڵكو باوەڕدارێكە واقیعیی و بەهێز، پابەند بە پەیامی كۆمەڵایەتیی و ڕۆڵی لە ژیان.ئەگەر ئیسلام وەك خۆی تێبگەین–عەلی عیزەت دەڵێت–ئەوا بۆمان دەردەكەوێت ئەو مرۆڤە واقیعییە پابەندە گەورەترە لە قدیس، و ئەوەش نهێنیی ئەوەیە كە خودا فەرمانی كرد، بەو فریشتانەی هەڵە ناكەن، كڕنوش ببەن بۆ ئادەمێكی خاوەن هەڵەی زۆر.

میهری خودا لەسەر عەلی عیزەت بیگۆڤیچ....زاڵ بەسەر بێ سۆزیی ژیار، بە باوەڕیی ئیسلامیی و ئاسۆی مرۆڤانەی.

# موحەممەد ئەسەد

# گەڕیدە بەشوێن ئاینی ئیبراهیمدا

گــرنگترینی ئــەوەی لــە ژیــانی درێــژ و گەشــتە ڕۆحییــە دەوڵەمەندەکەی محەمەد ئەسەد دایە، ئەوەیە کە بیرمەندێکی جووە، و سوور بووە لەسەر گەڕان بەدوای ئاینی ئیبراهیم، تا ئەوکاتەی بە تازەیی دۆزییەوە لە ئاینی ئیسلام دا، داپۆشەرەکانی مێژوو و کات، داینەپۆشیوە. پاشان بووە هەڵگری پەیامی ئیسلام، و بەئەمەك بۆ ئومەتەکەی بەدرێژایی تەمەنی.

محەمەد ئەسەد ساڵی ١٩٠٠ لە شارۆچکەی لومبێرگ لە ئۆکرانیا هاتە دنیاوە، ڕۆژگارێك کە بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا، دایك و باوکی ناویان نا (لیۆبۆلد وایس) و ئەوەش ئەو ناوە بوو کە پێی ناسرا تا موسوڵمان بوونی. خێزانەکەی خێزانێکی جووی بەناوبانگ بوو لە دیراسەی تەورات و تەلموددا، لەنێو باپیرانیی زانایانێکی تیا بوون، بە شارەزایی ناسرابوون، لە ئاینی جوو دا. بۆیە فێرکردنێکی ڕەسەنی وەرگرت لە ئاینی جوو، بەپێی تەقالیدی ئاینداریی خێزانەکەی، و هەردوو زمانی عیبری و ئارامی فێربوو لە منداڵییدا، پاشان لە گەنجیی دا چوو بۆ ڤیەننا و لەوێ هونەر و فەلسەفەی خوێند. لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا، چوو بۆ بەرلین و وەك ڕۆژنامەنوس لای ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی کاری کرد.

ساڵی ١٩٢٢ گەشتی کرد بۆ لای مامێکی کە لە فەلەستین بوو، لەوێوە ڕۆژنامەنوسی دەکرد بۆ ڕۆژنامەی زۆر بەربڵاوی (فرانکفۆرتەر

زیتونگ)، ئەمەش هەلی بۆ ڕەخساند تا گەشتێکی زۆر بکات لە ڕۆژهەڵاتیی عەرەبیی و زانیاریی دان بە ڕۆژاوا دەربارەی لایەنانێکی نادیاری ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات و خەزێنە کلتورییەکانی. هەندێك لە نوسینەکانی کۆکراونەوە لە کتێبێکیدا بەناوی (ڕۆژهەڵاتێکی ناڕۆمانسی) چاپکراو لە ساڵی ١٩٢٤، کە ئەوەندەی من بزانم، تا ئێستا وەرنەگێڕراوە بۆ عەرەبی.

لە فەلەستین، محەمەد ئەسەد وردە وردە ئاینی ئیبراهیمی و میراتەکەی بۆ دەردەکەوت. تێبینی کرد-کە خۆی جوویەکی ئەوروپییە-جیاوازیی گەورە هەیە لەنێوان جووە کۆچکردووەکانی ئەوروپا بۆ فەلەستین و دانیشتوانی ڕەسەنی عەرەبی قودس، دەربارەی ئەمە نوسی-بەهۆی تێڕامان لە ڕووی خەڵکی و بیرکردنەوە لە ژیانیان لە کۆڵان و گەڕەکە ناوازەکانی قودس-کەسایەتی ئیبراهیم (درودی خودای لەسەر) لە ڕوو و شێوە و لەبەرکردنی عەرەبەکان دا بەرجەستە دەبێت، ئەوان بەڕاستی نەوەی ئەون، و هەرچی جووە داگیرکارە ئەوروپییە هاوشێوەکانی خۆین (واتە محەمەد ئەسەد)، ئەوا تەنها بانگەشەی ئیبراهیمی بوون دەکەن چوون نامۆن پێی، پەیوەندی لەنێوان ئەوان و ئیبراهیم (درودی خودای لەسەر) دەمێکە پچڕاوە، ئەو چەند ساڵەی ژیانی لە فەلەستین و میسر، ئەزمونی پێدا سەبارەت بە

ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و خۆشەویستیەك بۆ عـەرەب کـە بـۆ هەمیشـە مایەوە لەگەڵی.

## ڕێگەی مەککە

سەرەڕای ئەو میراتە ئاینییە جوویـیـە بـەرزەی لـە خێزانەکەیـدا بـوو، محەمـەد ئەسـەد هەسـتی نـەکرد، ئـەو ڕۆحـە مرۆڤانەیـەی هـاوجوت و گونجـاوە، لەگـەڵ چوارچـێوەی تەسـکی ئـاینی جـوو. تێبـینی ئـەوەی کـرد، جـوو ئاینیـان خۆمـاڵی کـردووە، لـەپێناو خۆگـەورە کردنـی ڕەگـەز پەرسـتانەیان کـە لێـوان لێـون لێـی، بەجۆرێك کـە بەدیهێنـەری گـەورەی بوونـەوەر لای ئـەوان بووەتـە هزرێکی ڕەگەزیی تەنها، بۆیە خودا لە کلتوری جوو، تەنها گرنگـی دەدات "بە داهاتووی گەلێك لـەناو سـەرجەم گـەلانی مرۆڤایـەتیی، ئەویش گەلی عیبرییە"، بەڵکو خـودا لای وان بووەتـە"خودایـەکی هۆز ئاسا، داهـاتووی سـەرجەم بـەدیهێنراوەکانی، بـۆ پێداویسـتی هەبوونی تەنها گەلێکی هەڵبژێراو، دادەڕێژێت"وەك دەڵێت. ڕەنگە بێزاریی لەم هەستە ڕەگەزپەرستییە تەسـکە، هۆکـار بووبێـت، بـۆ گەڕانی محەمـەد ئەسـەد بـەدوای واتـای ژیـان و بـەهای گـەردونیی مرۆڤایەتیی لە ئیسلام دا.

ساڵی ١٩٢٦ ئیسلام چووە ناو دڵی محەمەد ئەسـەد، کاتێـك لـە بەرلین بوو، کاتێك وەرگێڕانی سورەتی (التکـاثر)ی دەخوێنـدەوە،

و دەربـــارەی هەســـتی خـــۆی دوای خوێندنـــەوەی ســـورەتەکە دەڵێت:"ئەمە دانایی پیاوێك نیە لە دورگەی عـەرەبی ژیـا بێـت لـە سـەدەکانی ڕابـردوودا دەنگـی قورئـان گـەورەترە لـەوەی دەنگـی محەمەد (درودی خودای لەسەر) بێـت". دوای موسـوڵمان بـوونی، ڕاستەوخۆ ئەسەد چوو بۆ حەج، بە هاوەڵی (ئێلیسا)ی خێزانی کە لەگەڵ ئەسەددا موسوڵمان بوو بـوو، و پاشـان وەفـاتی کـرد دوای چەند ڕۆژێك لە بەجیهێنانی حەج. بەڵام ئەسەد بڕیاری دا لـەنێوان بـرا ئاینییـەکانی بمێنێتـەوە، و هـەوڵ بـدات بـۆ سەرخسـتنی ئـەو بیروباوەڕەی بەر پەڕەکانی دڵی کەوتبوو، و بۆ بەرزکردنەوەی ئەو ئومەتەی بە بژاردەی خۆی هەڵیبژارد.

موسوڵمان بوونی محەمـەد ئەسـەد بـە چـاولێکەری و سەرسـام بـوونێکی رۆمانسـییانە نـەبوو بـە ڕۆژهـەڵات، لـە سـاتە وەختێکـی تاریکی مێژووی ڕۆژاوادا –ئەسەد پیاوێکی ڕۆمانسی نەبوو، و بۆیە یەکـەم کتـێبی دەربـارەی ڕۆژهـەڵات بەناونیشـانی (ڕۆژهـەڵاتی ناڕۆمانسی) بوو– بەڵکو پیاوێکی خاوەن کەسایەتیی بـوو بـەدوای واتاکانی ژیان و چاکە سروشتییەکانی دەگەڕا، و ئەوەشی لە ئاینی ئیسلامدا دەستکەوت بۆیە بە قووڵی باوەڕی پێهێنا، و لە ڕەوشتی عــەرەب دا بۆیــە بەڕاســتی خۆشــی ویســت. موســوڵمان بــوونی بڕیارێکی هۆشدارانە بوو بونیاد لەسەر تێگەیشتنی واتا و مەبەستی

ژیان. ئەسەد دەربارەی ئەوە دەڵێت:"موسـوڵمان نـەبووم بـەهۆی زۆر مانــەوەم لــەنێو موســوڵمانان، بــەڵکو پێچــەوانەکەی بــوو، بەجۆرێك کـە بڕیـارم دا لـەنێویان بـژیم چـونکە موسـوڵمان بـووم" (ڕێگەی مەککە لا ٢٠)

بـەو جـۆرە، ئەسـەد بـۆ مـاوەی ٦ سـاڵ لـە دورگـەی عـەرەبی ژیـاوە، زانیارییـەکانی قوڵکردۆتـەوە دەربـارەی زمـانی عـەرەبی، هۆگری ڕۆشنبیریی ئیسلامیی بووە، بە پێنوسە دڵرفێنەکەی باسی گەشت و گەڕانەکانی دەکات بەناو بیابانی کاریگەر و شوێنانیتر لـە کتێبی (ڕێگەی مەککە) کە ئێمە پشت دەبەستین بە وەرگێڕانەکەی بەناوی (ڕێگەی ئیسلام). محەمەد ئەسەد یەکترناسینی لەگەڵ شـا (سعود بن عبدالعزیز)، و شازادە (فیصل)ی کوڕی (کە دواتر بـووە شا)، و هاوسەرگیریی لەگەڵ خێزانـە سـعودیەکەی (مـنیرە) کـرد و کـوڕێکی لێـی بـوو بـەناوی (طـلال الاسـد)، زانایـەکی بـەناوبانگی ئەنسرۆپۆلۆجیایە لە زانکۆی نیویۆرك.

## ئەسەد لەگەڵ شێری بیابان

لـە بابەتـە سـەرنجڕاکێش و دەرخـەرەکانی کەسـایەتی پتـەوی محەمـەد ئەسـەد و بـاوەڕی قـوڵی بـە بیروباوەڕەکـەی و ئومـەتی ئیسلامی، گەشتە پڕ مەترسییەکەی بوو لە حیجازەوە بۆ لیبیا، بۆ

بینــینی شـێخی تێکۆشــەران (عمـر المختــار). ئەســەد لــە مــاوەی مانــەوەی لــە حیجــاز، (احمــد الشــریف)ی ناســی، کــە شــێخی (السنوسـی)یـەکان بـوو و لـە تاراوگـەی زەوی حەرەمـەین بـوو، و باشی و چاکییەکەی چووە ناو دڵی ئەسەدەوە. ئەسەد دەربـارەی السنوسی دەڵێت:"لە هەموو دورگەی عەرەبیدا، کەسێکی تیـا نیـە هێندەی شێخ ئەحمـەد خۆشـم ویسـتبێت. ئـەویش لەبـەر ئـەوەی پیاوێك نیە هێندەی ئەو قوربانیی دابێت لەپێناو وێنەیـەکی باڵـادا، بێ مەبەست...ئەو دەرکراوێك بوو سەرجەم دەرگاکانی گەڕانەوەی بـۆ نیشــتمانی لــە برقــە (لیبیــا) لێــداخرابوو، دوای شــەڕێکی ٣٠ ساڵی...نـاوێکیتر نیـە هێنـدەی نـاوی ئـەم، خـەوی تۆرانـدبێت لـە چــاوی دەســەڵاتدارانی داگیرکــەر، بــەو ڕێــژە زۆرە، لــە بــاکوری ئەفریقا" (ڕێگەی مەککە لا ٢٥٣-٢٥٤)

(السنوسی) داوای لە ئەسـەد کـرد بـۆ ئـەوەی پێکـەوە گەشـت بکـەن بـۆ لیبیـا بـۆ بینـینی (شـێخ عمـر المختـار)، لـە نزیکـەوە کاروباری بزوتنەوە جیهادییەکەی ببینێت کە خەریکە خۆری بەرەو ئاوا بوون دەچێت، و پلان و پێشنیازەکانی بداتێ بۆ هەستانەوە و پاڵپشــتیی کردنــی. ئەســـەد هەســـتی کـــرد بـــە گـــەورەیی مەبەستەکەیان، بۆیە دودڵی نەنواند، دواتـر نوسـی کـە هێزەکـانی (عمر المختار) دەجەنگن لەپێناوی ئازادیی و ژیـانی ئیسـلامی وەك

ئەوەی یارانی پێغەمبەر لە سەرەتاوە کردیان"و یارمەتی پێدانیان لەو ململانێ توند و تاڵە–هەرچەند گومان لە ئەنجامی هەبێت– گرنگە بۆ من، وەك نوێژکردن، بێ کەم و زیاد" (ڕێگەی مەککە لا ٢٦٨)

لەدوای ئەوەی شەپۆلەکانی دەریای سوری، لەسەر کەشتییەکی کۆنی لەدار دروست کراو، و بیابانی گەرمی میسر و لیبیای لەسەر پشتی وشتر، بڕی، چاوپێکەوتنە مێژووییەکەیان ئەنجام دا لەگەڵ (شێخ عمر المختار)، و ئەسەد دەربارەی ئەمە دەڵێت:"زۆری پێنەچوو (عمر المختار) هات، بەسواری ئەسپێکی بچوك کە پەلەکانی بە قوماش پێچرابوو، و دوو کەس لەملاولایەوە بوون و هەندێکیتریشیان لەگەڵ بوو. کاتێك گەیشتە لای ئەو بەردانەی ئێمە چاوەڕێیمان دەکرد لەلای، یەکێك لە هاوەڵەکانی یارمەتی دا بۆ دابەزین لەسواری ئەسپەکە، و بینیم بە ئەستەم دەتوانێت هەنگاو بنێت (دواتر زانیم کە بریندار کرابوو لە یەکێك لە پێکهەڵپرژانەکان دا، نزیکەی ١٠ ڕۆژێك پێشتر). لەژێر ڕوناکی تیشکی مانگ دا ، ئێستا دەتوانم بە ڕوونی بیبینم: پیاوێکی باڵا مامناوەند، لاشە پتەو، خاوەن ڕیشێکی سپی وەك بەفر، کە دەموچاوە خەمۆك و خەتخەتەکەی داپۆشیوە. چاوی بەقوڵاچوو بوو، کەسێك لێی نزیك بووایە دەیزانی ئەگەر لە بارودۆخێکی

وەهادا نەبێت، زەردەخەنە و بریقەی تێدایـە، بـەڵام ئێسـتا هیچـی تێدا نیە جگە لە تاریکی و ئازار و ئازایەتیی..." (ڕێگەی مەککـە لا ٢٧٥)

بیرۆکــەی (السنوســی) و (ئەســەد) زینــدوو کردنــەوەی بزاوتــی جیهـادیی لیبیـا بـوو کـە خـەریك بـوو دەتوایـەوە، ئـەویش لـەڕێی کۆکردنەوەی لە ناوچـەی (الکفـره)، پاشـان پشـتیوانی کردنیـان بـە سامان و چەك لـە میسـرەوە. بـەڵام کاتێـك ئەسـەد گەیشـتە لیبیـا، (الکفره) داگیرکرابوو، و ئیتالییە فاشییەکان بە توندی سنوری نێوان میسر و لیبیایان داخستبوو، و بە تەلی دڕکاوی هـەموویان تـەنیبوو. محەمەد ئەسەد لەگەڵ (شێخ عمر المختار) مایەوە و بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ گفتوگۆیان دەکرد لەسەر شێوازی ڕزگار کردنی بزاوتی جیهادیی، بەڵام بێ سود بوو. وا دەردەکەوت، (شـێخ عمـر المختـار) شـارەزاتر بوو بـە داهـاتووی بزاوتـە جیهادییەکـەی کـە خەریکـە ئـاوا دەبێـت، هەرچـەند ئـەوەش لـە ئازایـەتیی و هێـز و بـازووی کـەم نـەکردەوە، هەروەك شێخی تێکۆشەر بە ئەسەدی میـوانی وت:"کـوڕی شـیرینم، ئێمە بەڕاستی خەریکە لە کۆتایی نزیك دەبینەوە....ئێمە دەجەنگین چونکە پێویستە بجەنگین لە پێناوی ئاین و ئازادییمان و تا داگیرکار دەردەکەین یان خۆمان گیان دەبەخشین، و بۆمـان نیـە جگـە لـەوە شــتیتر هەڵبــژێرین، ئێمــە هــی خــوداین و هــەر بــۆ لای ویــش دەگەڕێینەوە" (ڕێگەی مەککە لا ٢٧٧)

کاتێــك محەمــەد ئەســەد زانــی جــەنگی ســەربازی لــە لیبیــا کۆتاییەکـەی دیـارە بـەرەو شکسـت دەچـێت لـە داهـاتووی نزیکـدا، پێشنیازی کرد بۆ شێخ عمر المختار کە پاشەکشە بکات لەگەڵیدا بـۆ میسـر تـا ژیـانی خـۆی ڕزگـار بکـات، و لـەوێوە هـەوڵ دەدەن بـۆ بونیادنانەوەی بزاوتی جیهادیی لیبیا، و هەوڵ دەدەن پردێك لەگـەڵ ئینگلیز، کە دەسەڵاتدار بوون ئەوکات لـە میسـر، بونیـاد بنـێن، بـۆ سود وەرگرتن لە خراپیی پەیوەندیی ئینگلیز و ئیتاڵییەکان....بەڵام (شێخ عم المختار) سور بوو لەسەر مانەوەی لـە لیبیـا لـەناو هاوەڵـە تێکۆشەرەکانی تا سەرخستنی کەیسەکەیان یان لەناوچـوونی خـۆی لەپێناویدا... بۆیە ئەسەد ناچـار بـوو بـەو ڕێگەیـەدا بگەڕێتـەوە کـە لێوەی هاتبوو، و ڕێگەی گەڕانەوەشی بە گوڵ ڕانـەخرابوو، و دەبـوو بـەناو تەلـە دڕکاوییـەکان و نێـوان خـاڵی چـاودێریی ئیتالییـەکان دا گوزەر بکات. گروپێکـی ئیتالییـەکان بینییـانن، ئـەو و کۆمـەڵێك لـە هاوەڵەکانی (عمر المختار)، هێرشیان کردە سەریان و پـاش شـەهید بوونی هەندێك لە هاوەڵـەکانی (عمـر المختـار)، توانییـان تێپـەڕ بـبن بـەرەو میسـر. دوای هەشـت مـانگ لـەم سـەردانە جیهادییـە، (عمـر المختــار) بــەدیل گــیرا، و دواتــر شــەهید کــرا لەلایــەن ئیتالییــە فاشییەکانەوە.

### گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوای ئیسلامیی

دوای ئەوەی ئەسەد هەوڵێکی زۆری دا بۆ سەرخستنی ئیسلام لە دورگەی عەرەبی و باکوری ئەفریقا، ڕۆی بۆ سەرخستنی موسوڵمانان لە کیشوەری هندی، چووە ڕۆژهەڵات، سەردانی ئێران و ئەفغانستان و هند (پێش دابەشبوونی) کرد، و لەوێ چاویکەوت بە شاعیر و فەیلەسوف (محەمەد ئیقباڵ) کە توانای هزریی و قوڵی پابەندییەکەی بۆ دەرکەوت بە ئیسلامەوە... بۆیە قایلی کرد بمێنێتەوە لەوێ بۆ یارمەتیدانیان لە"دانانی بنچینەی هزریی بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی"کە بەڕێوەیە، ئەویش کۆماری پاکستان (ڕێگەی مەککە لا ١٤). دوای کۆچی دوایی محەمەد ئیقباڵ و دامەزرانی دەوڵەتی پاکستان، محەمەد ئەسەد ڕەگەنامەی پاکستانی وەرگرت، و لە کارگێڕی (زیندووکردنەوەی ئیسلامیی) کاری کرد، و بیرۆکەی دەستوری ئیسلامیی خوازراویی دارشت بۆ دەوڵەتەکە، کە ئەو بیرۆکانەیە دواتر بووە بنچینەیەکی تیۆری بۆ کتێبە بەبەهاکەی (شێوازی بەڕێوەبردن لە ئیسلام دا). پاشان ئەسەد لە وەزارەتی دەرەوەی پاکستان کاری کرد و بەرپرسی پەیوەندییەکانی پاکستان بوو بە جیهانی عەرەبییەوە، دواتر بووە باڵیۆزی پاکستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك. یەکێك لەو شتانەی لەم دواییانەدا دەرکەوت، هەوڵدانی ئیسرائیل بوو بۆ کڕینی محەمەد ئەسەد ئەو کاتەی باڵیۆزی پاکستان بوو لە نیویۆرك لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست، بە گومانی هەڵەی خۆیان وایان زانیبوو دەاتوانن

باکگراونـدە جولەکەییەکـەی بـەکاربهێنن، بـەڵام لـە کۆتاییـدا بۆیـان دەرکەوت کە خۆشەویستی خۆی یـەکلایی کردۆتـەوە بـۆ ئیسـلام، و کەسێك نییە بتوانن بـەکاری بهێـنن. سـاڵی ١٩٥٢، ئەسـەد دەسـتی لەکار کێشایەوە لە باڵیۆزیی پاکستان لە نەتـەوە یـەکگرتووەکان، بۆ یەکلا بوونـەوە بـۆ نوسـینی کتـێبی ڕێگـەی مەککـە، جـا چـەند پڕبەرەکەتە ئـەو دەسـت لـەکار کێشـانەوەیەی بەرهەمەکـەی ئـەو کتێبە بێت!

پاشان محەمەد ئەسەد چوو بۆ ئیسپانیا بۆ ئـەوەی ئـەو بەشـەی ژیـانی کـە ماویـەتی لەگـەڵ هاوسـەرە ئەمریکییـە موسـوڵمانەکەی (پۆلا–حمیدە ئەسەد–) لەوێ بژی، خۆی تەرخان کرد بۆ گـرنگترین پرۆژەی کە وەرگێڕان و ڕاڤەی قورئـان بـوو بـۆ زمـانی ئینگلیـزی، و ئەمـەیش لـە کتێبەکەیـدا بـەدیهات بـەناوی (پـەیامی قورئـان) کـە وەرگێڕانێکـی سـەنگینی قورئـانی بـەپێزە، لەگـەڵ هەنـدێك تێچـێنی نوسـەرەکەی کـە بەڵگەیـە لەسـەر فراوانـی زانسـتی، توانـای بەسـەر واتاکــانی قورئــان و نهێنییــەکانی زمــانی عــەرەبی. (دەســتەی پەیوەندیی ئیسلامیی–ئەمریکی) ئەم کتێبەی پەسـەند کـردووە، لـە بانگەشــەی دابەشــکردنی ملیۆنێــك نوسـخەی قورئــان دا دابەشــی دەکات. دوای تەمەنێکی درێژی زیاد لە ٩٠ ساڵیی، محەمـەد ئەسـەد وەفاتی کرد ساڵی ١٩٩٢، و لە غەرناتە بەخاك سپێررا، ئـەو شـارەی حـەزی دەکـرد شـوێنەواری ژیـاری ئیسـلامیی تێـدا دەربکـەوێت لـە

ئەندەلوس، لە کاتێکدا ئەو لە پـایزی تەمـەنی دا بـوو لـە نیشـتمانی زێدی خۆی کە ئەوروپایە. ساڵی ٢٠٠٨، شارەوانی ڤیـەننا یـەکێك لـە شـــەقامە گرنگـــەکانی–کـــە شـــەقامی بەرانبـــەر بینـــای نەتـــەوە یەکگرتووەکانـە– ناونـا بـەناوی (شـەقامی محەمـەد ئەسـەد)ەوە، و وایـدانا کـە نەوەیـەکی خۆیـەتیی و بووەتـە هاوڵاتییـەکی جیهـانی، هەوڵی دا بۆ بونیاد نانی پرد لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا.

## دوو بەشی لە یەك نیشتمان دا ژیاو

محەمەد ئەسـەد توانـای ئـەو لـەت بوونـەی نـەبوو کـە کلتـوری ڕۆژاوا دروسـتی کردبـوو، لـە کەسـێتی مرۆڤـدا، لـەنێوان گیـان و ماددەدا، و بە زمانی حاڵ لەگەڵ جلال الدين الرومي دەیوت:

**لا حجاب بين روحي و البدن**

**فهما إلْفان عاشا في وطن**

هــەروەك بەرگــەی ئــەو گیانــە ڕەگەزپەرســتییە قێزەونــەی نەدەگرت، کە لە ئەوروپا زاڵ بوو بوو، سەرەتای سـەدەی بیست، و بەرهەمی کۆتاییەکەی، بووە نازییەکانی ئەڵمانیا. بۆیـە گـەڕا بـۆ چارەسەری ئەو دوو نەخۆشـیە، و لـە ئیسـلامدا کۆکـەرەوەی ئـەو دوو بەشــەی مرۆڤــی دۆزییــەوە، و بــەدیهێنانی برایــەتیی مــرۆڤ، ئەوەش نهێنی پەلکێش کردنی بوو لەلایەن ئەو ئاینەوە.

سـەرەتای ژیـانی لـە ڕۆژهـەڵاتی ئیسـلامی، وەك پـەیامنێری ڕۆژنامـەوانیی دەسـتیپێکرد، ئەسـەد وردە وردە پـەی دەبـرد بـە گیانی ئیسلامیی، و دەربارەی کاریگـەریی مانـەوەی لـە ڕۆژهـەڵات دەڵێت:"هەر لە سەرەتاوە، لە ناخمدا حەزێك هەبوو بۆ پەی بردن بـە ژیـانێکی هێمـنتر، یـاخود بڵـێین مرۆڤانـەتر، ئەگـەر ئـەو ژیانـە پێوانە بکرێت بە شێوازی ژیانی پەلەپەلی ڕۆبۆتئاسـا لـە ئـەوروپا. بەو جۆرە زیـاتر گـرنگیم دەدا بـە ڕێنماییـە ئاینییـەکانی ئیسـلام. بەڵام ئەو حەزە، لەو سەردەمەدا بەس نەبوو بۆ ئەوەی ڕامکێشێت بۆ ناو باوەشی ئیسلام، ئەگەر چی بەس بوو بۆ ئەوەی بۆچونێکی نوێم پیشان بدات بـۆ ڕێکخسـتنی ژیـانی مرۆڤایـەتیی بـە کـەمترین ململانێـی نـاخی مرۆڤـەکان خۆیانـەوە، و زۆرتـرین ڕێـژەی هەسـت کـردن بـە برایـەتیی ڕاسـتەقینە" (ئیسـلام لـە دوڕیانـدا: محەمـەد ئەسەد لا ١٦)

بە تێپەڕ بـوونی کـات و شـارەزا بـوون بـە کلتـوری ڕۆژهـەڵات، ئەسەد بۆی دەرکەوت، ئەوەی بۆی دەگەڕا لە یەکخودا پەرستی و یەکێتیی مرۆڤایەتیی، لـە ئیسـلامدایە، و تێگەیشـت کـە "ئیسـلام، مـرۆڤ بـەرەو یەکخسـتن دەبـات لـە سـەرجەم بوارەکـانی ژیـان" (ئیسلام لە دوڕایندا لا ١٠٢) و "سیستمێکی ڕەوشتی و کرداریی، و تاکەکەسـیی و کۆمەڵایەتیشـە" (ئیسـلام لـە دوڕیانـدا لا ٩٨). لـە

بیرکردنـەوەی لـە مەبەسـتی پەرسـتن لـە ئیسـلامدا، ئەسـەد بـۆی دەرکــەوت کــە ئیســلام سیســتمێکی نــاوازەی تێکئاڵــاوە لــە پاکردنەوەی گیان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی:"بیرۆکـەی ئیسـلامی لە پەرستندا تەنها نوێژ ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ژیان دەگرێتەوە. هەرچی ئامانجیشـێتی ئـەوا کۆکردنـەوەی کەسـە گیـانیی و کەسـە مادییەکەیە لـە هـەموو تاکێکـدا" (ئیسـلام لـە دوڕیـان دا لا ١٠٦). بەمجۆرە یەکێك لە تایبەتترین تایبەتمەندی ئیسلام و نهێنیی هێز و گەنجێتی و سەرنجڕاکێشانی هەتاهەتایی بریتییە لە:"گونجاندنێکی تەواو لەنێوان بـواری ڕەوشـتی و بـواری مـادیی لـە ژیـانی مرۆڤـدا. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکـردووە ئیسـلام بـۆ هـەر شـوێنێك بچـێت، بـەهێز بێـت...پێغەمبـەرمان کـە بەڵگـەی ڕێنیشـاندەری مرۆڤایەتییە، گرنگی زۆری دەدا بە هەردوو بوارەکەی ژیانی مـرۆڤ: بواری گیانیی و بواری ماددی" (ئیسلام لە دوڕیان دا لا ٩٠)

هەرچی برایەتیی مرۆڤایەتییشە،کە محەمەد ئەسـەد وایـدەبینی لە ئەوروپا خراوەتە ژێرپێ بـەهۆی هەڵچـوونی نەتەوایـەتیی، ئـەوا بۆی دەرکەوت کە لە ئیسلامدا بەدی دێت، چوون زانی کە:"هێـزی ناوخۆیی و پەیوەسـتیی کۆمەڵایـەتیی لـە جیهـانی ئیسـلامیی، لـە بەرزترین ئاستدا بوو بەراورد بە هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دی کە جیهان تـاقی کردۆتـەوە" (ئیسـلام لـە دوڕیـان دا لا ٣٩). هـیچ

یەکێك لە ژیارە بەنرخەکانی مرۆڤایەتی، ئەو تێکەڵیی ڕەگەزییەی بەخۆوە نەدیوە کە ژیاری ئیسلامی بینیویەتی، و ئەوەش شتێکی شاراوە نەبوو لە محەمەد ئەسەدێکی کۆڵەر لە مێژووی ژیاری ڕۆمانی و یۆنانی.

## زیندوکردنەوەی جیهانی ئیسلامیی

لە بابەتە گرنگەکانی ناو دەروونی محەمەد ئەسەد، گرنگی و داخوازی نوێکردنەوەی ڕۆحیی و هزریی جیهانی ئیسلامیی بوو، هەردوو کتێبی (ئیسلام لە دورپیاندا) و (ڕێبازی حوکم لە ئیسلامدا)ی تەرخان کردووە بۆی، و تیایدا داوا دەکات کە:"لەسەرمانە ئەو تۆز و خۆڵە زۆرەی لەسەر شەریعەت نیشتووە، بیسڕین، لە تەئویلاتی باوی کەڵەکە بووی سەدەکانی ڕابردوو" (ئیسلام لە دورپیان دا لا ١١٨). ئەسەد ڕقی لەو تەمەڵیە هزریە بوو کە باڵی کێشابوو بەسەر نێوەندە ئیسلامییە کلاسیکییەکان و ڕێگربوو لە بەشداری کردن لە بزاوتی چاکسازی و نوێکردنەوە، لەبەر ئەوەی:"تەمەڵی هزریی هیچی کەمتر نییە لە تەمەڵی جەستەیی" (ئیسلام لە دورپیان دا لا ١٠٧).

هەروەك ڕقی لەو ڕوکەشییەی هەندێك موسوڵمانان بوو کە خوێندنی ڕۆژاواییان خوێندبوو، و ڕۆشنبیری ڕۆژاواییانەیان

کردبــووه پێوانەیــەکی گــەردوونی،و بێئاگــا بــوون لــە کــات و شوێن.ئەسەد هۆشداریی دا کە:"زانست بۆ خۆی نە ڕۆژهەڵاتییـە و نە ڕۆژاوایـی...بـەڵام ئـەو گۆشـەنیگایەی لێیـەوە دەڕوانرێتـە ئـەم ڕاستییانە و لێیەوە نیشان دەدرێت، دەگۆڕێت بە گـۆڕانی کلتـوری گەلان" (ئیسلام لە دوڕیان دا لا ٧٣). توندترین تێبینی ئەسەد لـە ڕۆژاوازەدەکان ئەوەیە: پەییان نـەبردووە بـە گـەورەیی ئیسـلام و نەمرییەکـەی، بۆیــە دەڵێــت:"ئــەو بیرۆکەیــەی دەڵێــت هەنــدێك فەرمانی قورئان تایبەت بە عەرەبی سـەردەمی هاتنـە خـوارەوەی سـروش نـەك دەسـتەبژێری کەسـایەتییەکانی سـەردەمی سـەدەی بیست....لە بەهای ڕێـزی ڕونـاکی پێغەمبەرانـەی ڕۆڵـی هەڵبـژێراو (درودی خودای لەسەر)، کەمدەکاتەوە" (ئیسـلام لـە دوڕیـان دا لا ٩٠-٩١).

نهـێنی هەڵویسـتی ئـەم لەرزۆکانـەش-لـە دیـدی ئەسـەدەوە- بریتییە لە لاوازیی متمانەبەخۆ بوون و کەمیی ڕێزی خود گرتن، ئـەو پێی وایە:"بۆ ئەوەی موسوڵمان بتوانێت ئیسـلام زینـدوو بکاتـەوە، پێویستە سەربەرزانە بـژی" (ئیسـلام لـە دوڕیـان دا لا ٨٥) هـەروەك پێـی وایـە:"هـیچ شارسـتانییەتێك ناتوانێـت گەشـە بکـات یـاخود بمێنێتەوە، ئەگەر هـاتوو سەرسـام بـوون بـە خـود و پەیوەنـدی بـە ڕابردوی خۆیی لە دەستدا" (ئیسلام لە دوڕیان دا لا ٨٦).

ئەسەدی شارەزا لە کلتوری مرۆڤی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، پەی بردووە بەوەی هەرچەند پلەکانی ژیار بەرزبێتەوە ئەوا لە پەیامی ئیسلام دا وەڵامی تەواو و مەرهەمی چارەسەری دەست دەکەوێت:"ئاماژەیەکی دیار نییە سەبارەت بەوەی مرۆڤایەتیی– لەگەڵ گەشە کردنی ئێستای– توانیبێتی خۆی بەرزتربکاتەوە لە ئیسلام، بەڵکو نەیتوانیوە سیستمێکی ڕەوشتی بێنێتە کایەوە، باشتر بێت لەوەی ئیسلام هێناویەتی" (ئیسلام لە دوڕیان دا لا ١١٤).

میهری خودا لەسەر محەمەد ئەسەد، گەڕیدە بە شوێن ئاینی ئیبراهیمد..

# موحەممەد حەمیدەڵڵا

# زانایەکی خوا پەرست، زۆر دەپاڕایەوە

دکتۆر محەمەد حەمیدەڵڵا تەمەنێکی زۆر ژیا، بە دەرونێکی بەرز و زانستێکی زۆر و بە دڵێکەوە کە زۆر دەپاڕایەوە. دنیای پشتگوێ خستبوو، و خۆی تەرخان کردبوو بۆ زانست و فێرکردن و خزمەتکردنی ئیسلام. نمونەی زانایەکی خاوەن زانستی فراوانی قولّ بوو کە حەزی فێربوونی بێ کۆتا بوو، خواپەرستێکی دنیابەکەمگر کە هەموو دنیا لای وی هێندەی ناوکە خورمایەك نرخی نەبوو. ساڵی ١٩٠٨ لە حەیدەرابادی باشوری هند لەدایکبووە، لە خێزانێکی بە ڕەگەز قورەیشی. خێزانەکەی لە حیجازەوە کۆچیان کردبوو بۆ بەسرە لە ترسی زۆرداریی (حەجاجی کوڕی یوسف)، پاشان باوانی لە هند سەقامگیر بوون لە سەدەی ٨ی کۆچی.

لەم ڕەگە بەڕێزە کەسانێکی زانا و دادوەر و پیاوانی دەوڵەتمەدار هاتنە دنیاوە کە ناوبانگیان لە هند بڵاو بوو، بەدرێژایی حوکمی ئیسلامی لەوێ. لە دواهەمینیشیان (دکتۆر حبیب اللە)ی براگەورەی محەمەد حەمیدەڵڵایە، کە وەرگێڕی کتێبی (انساب الاشراف)ی (البلاذري)یە بۆ زمانی ئۆردو، و (أمة العزیز)ی خوشکی گەورەیەتی، کە وەرگێڕی (شرح النووی علی صحیح مسلم)ی نەوەوییە بۆ زمانی ئۆردو.

## برسییەکی هەمیشەیی ڕێگەی زانست

برسێتی محەمەد حەمیدەڵڵا بۆ زانست، سنوری نەبوو، بۆیـە دوو بڕوانامەی لیسانسی بەدەستهێنا، و دوو ماجستێر، و دوو دکتـۆرا، و نزیکەی ٢٠ زمان فێربوو، تیایاندا عەرەبی و ئۆردو و فارسی و تورکی و لاتـینی و فەرەنســی و ئینگلیـزی و ئـەڵمانی و ئیتـالی و ڕوســی و پۆلۆنی و دانیمارکی و سویدی و فینلەندی. کۆتا زمانیش فێری بوو، زمـانی تایلەنـدی بـوو، و تەمـەنی هەشـتا سـاڵی تێپەڕانـدبوو. دوای بەدەستهێنانی ئەو هەموو شەهادەیە، گەشـتی کـرد بـۆ مۆسـکۆ بـۆ کۆڵینەوە لە زمانی ڕوسی، و هەوڵی دا بۆ بەدەستهێنانی دکتـۆرا لـە زانکۆکـەی، بـەڵام بـارودۆخی جـەنگی جیهـانی دووەم ڕێگـەی نـەدا. گەڕایەوە بۆ مەدینـە و لای گـەورەی قورئانخوێنـانیی (حسـن کـوڕی ابراهیم الشاعر) مایەوە تا ئیجازەی قورئان خوێندنی لێـوەرگرت کـە بەنرخترین شەهادە بوو لای خۆی و خۆشەویستترینیان بوو لە دڵیدا.

محەمـەد حمیـدەڵڵا، خوێنـدنی سـەرەتایی ئیسـلامیی بـە زمـانی ئۆردو بوو لە (دار العلوم الشرقیە)، و لەوێدا فێری زمانەکانی عەرەبی و فارسـی و ئینگلیـزی بـوو. پاشـان سـاڵی ١٩١٩ چـووە (المدرسـة النظامیة)، کە یەکێك بوو لە قوتابخانە زانستییە شکۆدارەکانی هند، و شەهادەی لیسانسی تیا بەدەستهێنا. دوای ئـەوە چـووە (الجامعـة العثمانیة) کە (میر عثمان علـي خـان) لـە حەیـدەراباد دایمەزرانـدبوو

ساڵی ١٩١٨، لیسانسێکیتری بەدەستهێنا ساڵی ١٩٢٨ کە تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو. لە هەمان زانکۆ، محەمەد حەمیدەڵڵا دوو شەهادەی ماجستێری بەدەستهێنا: یەکەمیان لە کۆڵێنەوە ئیسلامییەکان، و دووەم لە یاسای نێودەوڵەتی. ساڵی ١٩٣٢ زانکۆی (العثمانیة)، خوێندکارە درەوشاوەکەی نارد بۆ تێڕامان لە دەستنوسە ئیسلامییەکان لە تورکیا و میسر و سوریا و سعودیە. لە ئەستەنبوڵ، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (فریتز نیکو) بانگی کرد بۆ تەواو کردنی خوێندنی باڵا لە زانکۆی (بۆن)، بۆیە بڕوانامەی دکتۆراشی لەوێ بەدەستهێنا لە بابەتی (پرنسیپی بێ لایەنیی لە یاسای نێودەوڵەتیی ئیسلامیی)، و لەو زانکۆیە هەردوو زمانی عەرەبی و ئۆردوی وتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ. ساڵی ١٩٣٤ پەیوەندی کرد بە زانکۆی (سۆربۆن)ی فەرەنسیەوە، و شەهادەیەکی دکتۆرای لێ بەدەستهێنا، کە ناونیشانی تێزەکەی:"دیبلۆماسییەتی ئیسلامی لە سەردەمی پێغەمبەر و جێنشینە ڕاشیدەکانی" و دواتر بووە کتێبە بەناوبانگەکەی بەزمانی عەرەبی (مجموعة الوثائق السیاسیة للعصر النبوي و الخلافة الراشدة).

محەمەد حەمیدەڵڵا گەڕایەوە بۆ حەیدەراباد ساڵی ١٩٣٥ بە زانستێکی فراوان، و شارەزایی لە جیهان، و کارامەیی لە ژیان، لەگەڵ کەمی تەمەنیشی لەو کاتەدا. دەستی کرد بە وانەوتنەوە لە

بەشی کۆڵینەوەی ئیسلامی لە (الجامعة العثمانية) لە حەیدەراباد، و ڕاگری کۆلێژی یاسا تیایدا تا نزیکی ساڵی ١٩٤٨.

## دەروونێکی بەهێز و سەرکەش

محەمەد حەمیدەڵڵا لە توندترین بەرگریکاران بوو لە سەربەخۆ بوونی میرنشینی حەیدەرابادی ئیسلامی لە دەوڵەتی هند، کە میرنشینێکی خاوەن ڕۆڵی مێژوویی گەورە بوو بۆ مێژووی موسوڵمانان، و سەنتەرێکی گەشاوەی سەنتەرە ئیسلامییەکان بوو لە کیشوەری هند، بۆیە باشتر وابوو کە بڵندگۆیەکی ئیسلامیی بێت. بۆ ئەم مەبەستە، گەشتی کرد بەرەو نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٨ لە شاندێکی دیبلۆماسییدا کە هەوڵی دەدا بۆ دانپێدانان بە سەربەخۆیی میرنشینێکی دوای سەربەخۆ بوونی هند لە شانشینی بەریتانی، قایل نەبوونی ئەمارەکە بە چوونە پاڵ هند. کاتێك هێزە هندییەکان داگیریان کرد، و شاندەکە سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەستهێنانی دانپێدانان بە سەربەخۆیی دا، محەمەد حەمیدەڵڵا سەربەرزانە بڕیاری دا پێی نەخاتەوە خاکی هیند، و ئەوەش بڕیارێك بوو کە پابەند بوو پێیەوە بەدرێژایی تەمەنی، سەرەڕای گەڕانی زۆری بەسەر زەویدا.

حەمیدەڵڵای زانا، نزیکەی نیو سەدە (١٩٤٨–١٩٩٦) لە فەرەنسا ژیا، بە پارێزگاریی کردن لە ڕەگەزنامە

حەیدەرابادییەکـــەوە، لەگـــەڵ ڕەد کردنـــەوەی پێشـــنیازێکی حکومەتی فەرەنسی و حکومەتی چـەند دەوڵـەتێکی ئیسـلامی بـۆ پێـدانی ڕەگەزنامـە پێـی، بـەهۆی نـەفس بـەرزی و ئەمـەکی بـۆ نیشـتمانی غـەدر لێکـراوی، حەیـدەراباد. تـەنها بەڵگەنامـەی مانەوەیەکی فەرەنسی هەڵگرتبوو بۆ ماوەی نیو سەدە.

حەمیـدەڵڵا کاتێـك فەرەنسـای جیهێشـت کـە تەمـەن مانـدووی کردبوو، و کۆڵینـەوەی زانسـتی بـەردەوام و کـاری هەمیشـەیی بـۆ خزمەتی ئیسلام ماندووی کردبوو. کچەزای براکەی (سـدیدة عطـاء الله) کە لە ئەمریکا دەژیا، زۆری لێکرد تا بیبات بۆ ئەمریکا لەگـەڵ خۆی، چونکە تەندروستی لاواز بوو بوو، ئەویش بەزەیی بە لاوازی و تەمەنیـدا دەهاتـەوە، دوای پاڕانەوەیـەکی زۆری لـە حەمیـدەڵڵا، قبـوڵی کـرد بچـێت لەگـەڵی بـۆ ئـەمریکا، سـاڵی ١٩٩٦، سـاڵانی کۆتایی تەمەنی لەوێ مایەوە لەگەڵی، تـا دەرونـە ئارامەکـەی ئـەم جیهانەی جێهێشت، لە شـاری جاکسـنفیل لـە ویلایـەتی فلۆریـدای ئەمریکی ساڵی ٢٠٠٢، و دوای خۆی یادگاریی خۆش و پاشـخانێکی نەسڕاوەی جێهێشت. کچـەزا بەوەفاکـەی براکـەی (سـدیدة عطـاء الله) لە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤـاری (Impact International) کە تایبەت کرابوو بـە لاواندنـەوەی محەمـەد حەمیـدەڵڵا، وتـی کـە حەمیدەڵڵا گاڵتەی لەگەڵ دەکرد لـە بـەزەیی بـۆی (بـۆ سـدیدە) و

دەیوت:"دانوستان لەگەڵ فریشتەی گیانکێشـان دەکـەم بەهـەموو توانای خۆم، تا لەکاتێکدا گیانم نەکێشێت کـە تـۆ ئامادەبیـت"..و ئاواتەکەی هاتەدی، خودا لەکاتێکدا گەڕاندییەوە بۆ لای خـۆی کـە لە خەوی چێشتەنگاودا بوو و سدیدەش لە ماڵەوە نەبوو.

## لەسەرە ڕێی کەمویستان

محەمـەد حەمیـدەڵڵا خواپەرسـتێکی کەمویسـتی خۆبەکـەمزانی چاکەکار بوو، بەجۆرێك کە لەگەڵ گەنجانی موسوڵمانی خەڵوەتگەی ڕۆشنبیری فەرەنسا دەچووە دەرەوە-کە مامۆستاش بوو لە زانکۆی سۆربۆن-بەدەستی خۆی قاپـەکانی خـۆیی دەشـۆرد، لەسـەر زەوی وەك یـەکێك لـەوان دادەنیشـت، لەگـەڵ ئـەو نازنـاوە زانسـتی و ناوبانگـەی هـەیبوو. کاتێـك چـووە (دار المصـنفين)-یەکێکـە لـە بەناوبانگترین دامـەزراوە زانسـتییەکانی کیشـوەری هینـد- بـە پێـی پەتی چووە ژورەوە، و هۆکـاری ئەوەشـی گێڕایـەوە بـۆ ئـەوەی کـە حەز ناکات بـەپێڵاوەوە بچـێتە شـوێنێك کـە کتـێبی تێـدا نوسـرابێت دەربارەی ژیانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر)، مەبەستیشی لـە کتێبی (سيرة النبي صلى الله عليه و سلم)ی سليمان الندوی زانایە کە ٧ بەرگە. زۆر کەمویست و خۆگرەوە بوو، بەجۆرێك کە پێشـنیازیان کرد کاندید بێت بۆ دیاریی شا فەیسەڵ بە تونـدی ڕەدی کـردەوە، و وتی:"ئەوەی نوسیومە تەنها بۆ خودا نوسیومە، جا ئاینەکەم خـراپ مەکەن".

## پاڕانەوە لە بڵندگۆی زانستدا

محەمەد حەمیدەڵڵا لەو زانایانەیە کە نوسینیان زۆرە، چۆن وانەبێت لە کاتێکدا تەمەنی زۆری تەرخان کردبوو بۆ توێژینەوەی زانستی و نوسین، و تەنانەت هاوسەرگیریشی نەکرد لە ژیانی دا، بۆیە گونجاو بوو کە (شێخ عبدالفتاح ابو غدة) ناوی بهێنێت لە کتێبە دانسقەکەی، لە بەشی: (زانا ڕەبەنەکان زانستیان خستە پێش هاوسەرگیری). حەمیدەڵڵا زیاتر لە دەیان بەرگ کتێبی نوسی، لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠٠ ستون، و بەشداری کرد لە نوسین و دەرکردنی ژمارەیەك فەرهەنگ، تیایاندا: (دائرة المعارف الاسلامية) بە زمانی ئۆردو (الاطلس الكبير للاديان) بە زمانی فەرەنسی.

نووسینەکانی بە قوڵی و فراوانی دەناسرێنەوە: چونکە زانستە هەمەچەشنەکەی یارمەتیدەری بوو بۆ نوسین لە زانستە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان، هەوڵ و تێکۆشانە زانستییەکەشی توانای پێدا بۆ نوسینی چەند نوسینێکی بناغەداڕێژ لە بوارەکانیدا:

- لە خزمەتکردنی قورئاندا، بە وەرگێڕانە ناوازەکەی بۆ زمانی فەرەنسی بەشداریی کرد، و پێشەکییەکی تێر و تەسەلی نوسی لە زانستەکانی قورئان و مێژووەکەی، کەپێشتر وەرگێڕانێکی بەنرخ نەبوو بۆ ئەو زمانە گرنگە، جگە لە کاری ڕۆژهەڵاتناسەکان کە لایەنگیری و لاوازی چێژی زمانی قورئانی،

تێکەڵ بوو. وەرگێڕانەکەی حەمیدەڵڵا ناوبانگی پەیدا کرد لەنێو موسوڵمانانی فەرەنسی زمان، لە فەرەنسا و کەنەدا و ڕۆژاوای ئەفریقا، پاشان دەستەی فهد بۆ چاپکردنی قورئان، پشتی پێبەست، و چەندین جار چاپی کرد. هەروەك حەمیدەڵڵا لە کتێبی (القران بکل لسان) مێژووی وەرگێڕانی قورئانی باس کرد، و کۆکەرەوەیەکی هێناوە کە وەرگێڕانەکان بۆ نزیکەی ١٥٠ زمانە.

– لە زانستی فەرموودەدا، پەردەی لادا لەسەر کۆنترین دەقی فەرمودەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر)، کە کتێبەکەی (همام بن المنبه النبهانی) (کۆچکردوو لە ساڵی ١٠١ کۆچی) تابیعییە، و لە ئەبو هورەیرەی دەگێڕێتەوە. حەمیدەڵڵا بەمە دەیسەلمێنێت–جودا لەوەی باوە– کە نوسینەوەی فەرمودەی پێغەمبەری خودا لە سەردەمی یاراندا بووە، و ئەوەش متمانە بە مێژووی فەرمودە و سەنەدەکەی زیاد دەکات. هەروەك کتێبێکیشی دەربارەی وەرگێڕانی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ (صحیح البخاری) نوسیوە، و کەموکورتییەکانیانی دەرخستووە، و بە هزرێکی دادگەرانە و دڵێکی باوەڕدارانەوە، ڕاستی کردووەتەوە بۆیان.

– لە ژیاننامەی پێغەمبەریش، محەمەد حەمیدەڵڵا تەحقیقی ژیاننامەی (ابن اسحاقی)ی (کۆچکردوو لە ساڵی ١٥١ی کۆچی)

کردووە، و ئـەو دەقـە گرنگـەی گێڕایـەوە بـۆ نـاو ژیـانی زانسـتیی ئیسـلامیی، دوای پشـتگوێ خسـتنی بـەهۆی پشتبەسـتن بـە ژیاننامەکەی ابن هشام (کۆچکردوو لە ٢١٣ی کۆچی) کە دوای ئەو نوسـیویەتی. هـەروەك حەمیـدەڵلا کتێبیکـیتری نوسـی، لـە بەچـێژترین و کـۆکراوەترینی نوسـینەکانە دەربـارەی ژیـانی پێغەمبەر، و باشترینیشە لە داڕشتن و ڕێکخستن، ئـەویش کتـێبی (رسـول الاسـلام: حیاتـە و آثـارە) کـە دوو بەرگـە، تـا ئێسـتا وەرنـەگێڕاوە بۆزمـانی عـەرەبی. هـەروەها لـە بەشـدارییەکانی دەربارەی ژیانی پێغەمبەر، کتێبی (نظام التربیة و التعلیم في عصر النبي صلى الله علیه و سلم) و کتـێبی (میـادین الحرب في العصر النبوي).

– لـە بـواری فیقهـی سیاسـی، حەمیـدەڵلا چـەند کتێبێکـی نوسـی، گرنگترینیـان سـیانن، ئـەوانیش کتـێبی (مجموعـة الوثـائق السیاسیة للعهد النبوي و الخلافة الراشدة)کە سەرچاوەیەکی بەبەها و خەزێنەیـەکی بەنرخـە لـە بەڵگەنامـە ڕەسـەنەکان، کـە هـیچ کۆڵەرێکی ڕاسـتگۆ لـە فیقهـی سیاسـی ئیسـلامی و بناغەدانـەر بـۆ پەیوەنـدیی سیاسـی نێـوان موسـوڵمان و ناموسـوڵمان، ناتوانێـت دەستبەرداری بێت. پاشان کتـێبی (اول دسـتور مکتـوب في العـالم) کە تەحقیق کردنی بەڵگەنامەی دەسـتوری مەدینـەی مونەوەرەیـە

له سـەردەمی پێغەمبـەر، و و وەرگێڕانێکـی بـۆ زمـانی ئینگلیـزی، لەگـەڵ پێشـەکییەکی تێروتەسـەل کـە نوسـەر ئاشـکرای دەکـات بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا زۆر پێشتر باسـکراوە و بناغە دادەنێـت بـۆ بونیادنـانی دەسـەڵات و کردارەکـەی لەسـەر بنەمای گرێبەست و قایل بوونی دوو لایەنەی نێـوان دەسـەڵاتدار و گەل، پێش سەردەمی جۆن هۆبز و جـان جـاك رۆسـۆ بـە چـەندین سـەدە. پاشـان سـێیەم کـاری نـاوازەی لـە فیقهـی سیاسـی دا، کۆڵینەوەکەیەتیی بە ناونیشانی"هل للقـانون الرومـانی تـاثیر علـی الفقـه الاسـلامي"، و تیایـدا ڕەسـەنایەتی فیقهـی ئیسـلامی دەردەخـات، و وەڵـامێکی دەمکوتکـەر دەداتـەوە بـەو ڕۆژهەڵاتناسانەی پێیان وایە فیقهی ئیسلامی وەرگیراوە لە یاسـای ڕۆمانی.

– لە بواری تەحقیقی کەلەپوری عەرەبی، حەمیدەڵڵا هەندێك دەقـی کەلـەپوریی بـەنرخی تـەحقیق کـردووە، لەوانـە: (السـیر الکـبیر)ی (محەمـەد الشـیبانی) و (کتـاب الـردة) ی (الواقـدی) و (انساب الاشـراف)ی (الـبلاذري) و (کتـاب الانـوا ءَ)ی (ابـن قتیبـە) و (کتاب الذخائر و التحـف)ی (الغسـانی) و (کتـاب السـرد و الفـرد)ی (القزوینی) و (کتاب النبات)ی ا(لدینوری)... زۆریتریش.

–

میهری خودا لەسەر محەمەد حەمیدەڵڵا... زانایەکی خواپەرست، زۆر دەپاڕایەوە

## له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری خاڵ

١. ئەدەبی گاڵتەوگەپ. ن: تۆفیق کەریم

٢. پێکەوەژیان: بەرەو بەخۆداچوونەوەو گۆرانکاریی. ن: نازم عەبدوڵڵا

٣. پێوەرەکانی سەرکەوتنی رێکخستن و دوانەییە سەرەکییەکانی. و: تۆفیق کەریم

٤. حرية المعتقد وإشكالية قتل المرتد. د. بختيار نجم الدين شمس الدين

٥. سوننەی سیاسی لە درووستکردن و ڕاپەڕاندنی دەسەڵاتدا. و. ئیسماعیل تەها

٦. حوکمی سەلام کردن لە ناموسڵمان. و.عومەرئەمین

٧. پوختەی بنەماکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی. و. ئاسۆ هەورامانی

٨. بانگەوازێك بۆ لایەنە ئیسلامی یەکانو.. ئەبوبەکر عەلی